وتاری جێگری سکرتێری ...
٤




کودتای ٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆڵی ...
٨




تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە ژێر ...
٨




ڕادەستکردنی زارۆکستانەکان بۆ لێژنە ...
١٠




لاوان و پرسی شووناسی ...
١٠




دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٥٨٧،چوارشەممە، ١ی خەرمانانی ١٣٩١، ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٢، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com


## پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی PDKI بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزان

بە بۆنەی کۆتاییهاتنی مانگی ڕەمەزان و هاتنی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، پیرۆزبایی لە گەلی موسوڵمانی کورد و بەتایبەت خوشك و برایانی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەین. بەو هیوایەی کە تاعەت و عیباداتی ئەو مانگەیان قەبووڵی بارەگای خوای تەعالا بێ و ڕۆژانی جێژن بە خۆشی و شادی تێپەڕ بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

# ڕێبەریی بەکۆمەڵ، داهێنانی حیزبی دێموکرات بوو



لە شەست و حەوتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا یادی ئەم ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت.

هەر بەم بۆنەوە، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩١ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا، ڕێوڕەسمێك بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە و ئەندامانی ڕێبەری، کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا، بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتارێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز شەرەفی لە وتەکانیدا، بە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات، دامەزرانی ئەم حیزبەی بە پێویستییەکی مێژوویی و بەستێنسازی دامەزرانی کۆماری کوردستان ناو برد و وتی، چیەتیی مۆدێرن و دێموکراتیك و سەربەخۆیی سیاسی لە تایبەتمەندییەکانی حیزبە.

بەڕێزیان هەروەها، ڕێبەریی بەکۆمەڵی وەکوو یەکێك لە داهێنانەکان و شانازییەکانی حیزبی دێموکرات لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا ناو برد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز ئێلهام چایچی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان، ئێران و شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر، یادی ئەم ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت.

## تورکیە خوازیاری «ناوچەی دژەفڕین» لە نێو خاکی سووریەدایە

تورکیە ڕایگەیاندووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ بۆ پارێزگاری لە گیانی پەنابەرەکان، لانیکەم بەشێك لە ناوچە سنوورییەکان لە خاکی سووریەدا بکاتە «ناوچەی دژەفڕین».

بەپێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ ئاڵمان، لەگەڵ دەستپێکردنی دەورێکی نوێ لە تێکهەڵچوونە سەربازییەکان لە دیمەشق و توندتربوونی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، ژمارەی ئەو کەسانەی پەنا دەبەنە بەر وڵاتانی دراوسێ، زیادی کردووە و هەر بەم پێیە، ژمارەی پەنابەرە سوورییەکان لە تورکیەدا لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوودا، دوو هێندە بووە و بووەتە ٧٠ هەزار کەس.

ڕۆژنامەی حوڕییەت ڕۆژی دووشەممە، ٣٠ی گەلاوێژ بڵاوی کردەوە کە ئەحمەد داوود ئۆغڵوو، وەزیری دەرەوەی تورکیە وتوویەتی: «ئەگەر ژمارەی پەنابەرەکان لە سەد هەزار کەس تێپەڕێ، ئێمە ئیتر شوێنێکمان بۆ وەرگرتن و نیشتەجێکردنیان لەبەردەستدا نیە».

داوود ئۆغڵوو وتوویەتی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ بە دابینکردنی ئاسایش لە هێندێ لە ناوچەکانی نێو خاکی سووریەدا، دەرەتانی نیشتەجێکردنی ئاوارەکان لەوێ دابین بکات.

دابینکردنی ئاسایشی ئەو ناوچانەی کە ئانکارا مەبەستیەتی، بە واتای بەکردەوەدەرهێنانی گەڵاڵەی ناوچەی دژەفڕین لە سووریە یان لانیکەم بەشێك لەو گەڵاڵەیە دەبێ.

پێشتر هیلاری کلینتۆن، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا وتبووی، واشینگتۆن و ئانکارا هەموو ڕێگەکانی یارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی بەشار ئەسەد، لەوانە پێکهێنانی ناوچەی دژەفڕین تاوتوێ دەکەن.

## باڵوێزخانەی ڕێژیم لە لەندەن دادگایی دەکرێ

دادگایەك لە بریتانیا، تۆمەتی سیخوڕیکردنی باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن لەسەر ئێرانییەکانی دانیشتووی بریتانیا لە ڕێگەی جۆراوجۆر و لەوانە دانانی کامێرای سێ ڕەهەندی لە باڵوێزخانە و شوێنەکانی دیکەی سەر بە ئێران لە بریتانیادا تاوتوێ دەکات. سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیکی بریتانیایی لە وتووێژ لەگەڵ ئەلعەرەبییەدا ڕایگەیاند کە ئەم دادگایە لە ١٦ی سێپتامبر بە بەشداریی چەند سکاڵاکەری ئێرانی و ڕێکخراوێکی بواری مافی مرۆڤ و هەروەها نوێنەری وەزارەتی نێوخۆی بریتانیا لە لەندەن بەڕێوە دەچێ.

ئەم دادگایە لە ژێر ناوی «Country guidance case» یان «پەروەندەی وڵاتی ڕێنوێنیکراو» بەڕێوە دەچێ و ئەگەر تۆمەتە سیخوڕییەکان پشتڕاست بکرێنەوە، ئەوا باڵوێزخانەی ئێران و شوێنە پێوەندیدارەکانی لە بریتانیادا دەکەونە ژێر چاودێرییەوە و بڕیاری ئەم دادگایە دەبێتە بەڵگەیەك لەبەردەستی دادگاکانی دیکەی ئەم وڵاتە و هەروەها وڵاتانی ئورووپایی تا لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بە دژی ئێران بەکاری بهێنن.

بەپێی هەمان سەرچاوە، کامێرای پێشکەوتووی سێ ڕەهەندی و ئامرازەکانی گوێگرتن، لە پاش دانرانی ئیسماعیلی ئەحمەدی موقەدەم وەکوو فەرماندەی هێزی ئینتیزامی ئێران لە چین کڕدراون.

ئەو کامێرا سێ ڕەهەندییانە کە بەپێی سەرچاوەکە بە سیستمی «دی ئێن ئەی» تەیارن، دەتوانن تەنانەت شوناسی ئەو کەسانەی کە بۆ گۆڕینی روخساریان، دەمامکیان لە دەموچاویان کردووە، بناسێنن.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### ٢٨ی گەلاوێژ سەرەتای توتالیتاریزمی ئیسلامی

لە ڕۆژژمێری مێژووی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێراندا، ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٥ و فتوای خومەینی لەمەڕ هێرش بۆ سەر کوردستان دەکرێ وەك سەرەتای دەسەڵاتگرتنی توتالیتاریزمی ئیسلامی لە ئێراندا سەیر بکرێت.

دەسەڵاتی ناوەندی پاش شۆڕشی ئێران لە دوو لایەن پێك هاتبوو:

١. کەسانی تێکنۆکرات کە بە گشتی باوەڕی دینییان هەبوو، بەڵام وەك نوێنەری دینیی کۆمەڵگای ئێران هەڵسوکەوتیان نەدەکرد

٢. کەسانی ئایینی کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بوون وەك نوێنەری ئایینیی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران هەڵسوکەوتیان دەکرد.

بەر لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندیدا تێکهەڵچوون ڕووی دابوو. لەم تێکهەڵچوونانەدا کوردەکان، یا وەك شەڕی ٢٣ ڕۆژەی سنە ڕووبەڕووی لایەنی تێکنۆکراتی نێو دەسەڵاتی ناوەندی ببوونەوە یا وەك شەڕی نەغەدە لەگەڵ گرووپێکی دەمارگرژی ناوچەیی بەڵام بە دنەدانی ڕێبەرانی ئایینی تووشی شەڕ ببوون. لایەنی تێکنۆکرات هەڵسوکەوتی کەمتر توندوتیژی بۆ چارەسەری دۆزی کورد هەڵبژاردبوو. گرووپە دەمارگرژە ناوچەییەکانیش بە تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردەکان بەدوای دزێوپیشاندانی دۆزی کورد و وەرگرتنی ڕەوایی لە دەسەڵاتی ناوەند بوون.

بەڵام لە ٢٨ی گەلاوێژدا خومەینی ڕاستەوخۆ لە دژی دۆزی کورد هەڵوێستی گرت. خومەینی لە پاش شۆڕشی ئێران، لەگەڵ ئەوەی هەوڵی دەدا وەك کەسی یەکەمی ئەو شۆڕشە دیاری بکرێت بەڵام لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی لایەنی ئایینی ناو شۆڕشی دەکرد و فتوای جیهادی ئەو، وەك یەکەم کەسی لایەنی ئایینی، بەرەوڕووبوونەوەی لایەنی دووهەمی نێو دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و داخستنی دەرگای هەرچەشنە دیالۆگێك لەمەڕ دۆزی کورد لە کوردستانی ئێراندا بوو.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەر دوو لایەنی نێو دەسەڵاتی ناوەندی و زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ناوەندی ئێران خوازیاری ئەوە بوون کە دۆزی کورد لە ئێران بە دۆزێکی مەترسیدار لەقەڵەم بدەن و بە ئاقارێکی پڕ لە توندوتیژیدا بەرن، لە ڕاستیدا دوو لایەنی ناو دەسەڵاتیش بە جۆرێك ئاستی دەسەڵاتی خۆیان لە بەرامبەر یەکتردا تاقی دەکردەوە و هەر بۆیەش دەکرێت فتوای خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا وەك سەرەتای داسەپانی دەسەڵاتی لایەنی ئایینی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا دیاری بکرێت. لایەنێك کە دواتر دەسەڵاتێکی توتالیتێری ئیسلامی لە ئێراندا دامەزراند.

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی روودانی بوومەلەرزە لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەڵات

بە بۆنەی رووداني بوومەلەرزە لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژهەڵات، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەیاننامەیەکدا هاودەردیی خۆی لەگەڵ هاووڵاتییە ئازەرییەکان دەردەبڕی.

دەقی بەیاننامەکە بەم چەشنەیە:

بەداخەوە کاتژمێر پێنج‌وپێنج خولەکی ئێوارەی رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢١ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، بوومەلەرزەیەك بە تەوژمی شەش و دوو پلە بە پێوەری ریشتێر لە ناوچەکانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەتایبەت شارەکانی ئەهەر، هەریس، وەرزقان و کلیبر رووی دا و ئاواییەکانی سەر بەو شارانەی هەژاند و وێرانی و مەرگی بۆ ناوچەکان و دانیشتووانی ئەو ناوچانە بەدوادا هات.

بە پێی هەواڵەکان هەتا ئێستا بە هۆی ئەو رووداوە سروشتییەوە زیاتر لە ٢٥٠ کەس گیانیان لە دەست داوە و نزیك بە دوو هەزار کەسیش بریندار بوون، دوازدە ئاوایی بە تەواویی لەنێو چوون و نزیك بە سەد ئاواییش تووشی خەسار هاتوون. زانیارییەکان دەریانخستووە کە کاتژمێر چوار و پەنجا خولەك بوومەلەرزەیەکی دیکە پارێزگاکانی ورمێ، گیلان، زەنجان و ئەردەبیلیشی لەرزاند کە زیان و زەرەرەکانی ئەم ناوچانە رانەگەیەنراوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە رووداني ئەم رووداوە سروشتییە و گیان لەدەستدانی ژمارەیەك لە هاونیشتمانانمان، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییانی رووداوەکە دەکا و هاودەردی خۆی لەگەڵیان دەردەبڕێ و چاکبوونەوەی هەرچی زووتری زامهەڵگرتووانی ئەم رووداوە بە ئاوات دەخوازێ. لەو پێوەندییەدا بە ئەرکی هەموو لایەکی دەزانین کە بە هانای زیاندیتووەکانەوە بچن و لەو هەلومەرجە تاڵەدا یارمەتی و پاڵپشتییان بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی

## سەردانی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە و پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە بە سەرپەرستی بەڕێز «حەمید دەروێش»، سکرتێری گشتی و هەیئەتێکی پارتی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە بە سەرپەرستی بەڕێز «مەسعوود تەك»، سکرتێری گشتی پارتی سوسیالیست، رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستی بەڕێز «مستەفا هیجری»، سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنە سێ قۆڵییەدا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و هەرکام



لە پارچەکانی کوردستان تاوتوێ کران و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا هەر سێ لایەن رەوشی هەنووکەی کورد و کوردستانیان تاوتۆی کرد و باردۆخی نەتەوەی کوردیان لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان هەڵسەنگاند، بەتایبەتی رەوشی ئەمڕۆی کوردستانی سووریە هاتە بەرباس و بە هەلێکی مێژوویی بۆ کوردانی ئەو بەشە لە کوردستانیان زانی و هیوادار بوون سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە، بە واقیعبینییەوە سەیری رووداوەکانی ناوچەکە و سووریە بکەن، تاکوو بتوانن وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد، مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان مسۆگەر بکەن. لایەنەکانی نێو دانیشتنەکە، لەسەر بەهێزترکردنی زیاتری پێوەندییەکانی هەموو لایەنەکان پێداگرییان کردەوە.

## چالاکیی تەبلیغاتی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٦٧هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات چالاکیی بەرینی تەبلیغاتییان بەڕێوە برد. چالاکییەکان بە شێوەی بڵاوکردنەوەی وتە بەنرخەکانی رێبەرانی شەهیدی حیزب، بڵاوکردنەوەی فیلمی تایبەت بەم بۆنەوە، نووسینی درووشمی شۆڕشگێڕانە لە شوێنە گشتییەکانی شار و گوندەکان، هەڵکردنی ئاگر لەسەر بەرزاییەکانی شار و گوندەکان و هتد بەڕێوە چوون. چالاکییەکان لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستاندا بەڕێوە چوون کە تەنیا ئاماژە بە ناوی شار و ناوچەکان دەکەین.

شارەکانی: سنە، مهاباد، شمشێر، پیرانشار، پاوە، بۆکان، مەریوان، شنۆ، سەقز، ورمێ، خووی، ماکۆ، روانسەر.



ناوچەکانی: چۆمی مەجید خان، نەڵێنی مەنگوڕان، شاماتی مەهاباد، پیرانی پیرانشار.



هەروەها لە چەند شوێنی شاری تاران و لە شاری دەماوەندی تاراندا بەم بۆنەوە چالاکی کراوە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی رێزگرتن لە خوێندکاران و قوتابییانی سەرکەوتووی حیزبی دێموکرات

رێوڕەسمێك بە بۆنەی رێزگرتن لە خوێندکاران و قوتابییانی سەرکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ١٩ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، لە ساڵۆنی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب لە لایەن کومیسیۆنی ماڵی ـ خەدەماتیی حیزبەوە بەڕێوە چوو.

رێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی بەشی کۆمەڵایەتیی کومیسیۆنی ماڵی ـ خەدەماتیی حیزب لە لایەن بەڕێز «شیرین حەبیبی»یەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا شانۆیەك لە ژێر ناوی «بەسەرهاتی حەسەن» لە لایەن گرووپی منداڵانی «ناوەندی نێرگز»ەوە پێشکەش کرا. دواتر گۆرانییەك لە لایەن هونەرمەند غوڵام فاتێحییەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەدا خەڵات بەسەر قوتابییان و خوێندکارانی سەرکەوتوو بەم چەشنە دابەش کرا:

- خەڵاتەکانی دەرچووانی زانستگا و پەیمانگەکان لە لایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش کران.
- پاشان خەڵاتەکانی دەرچووانی قوتابخانەی قۆناخەکانی ئامادەیی، سەرەتایی و ناوەندی لە لایەن بەڕێز رۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستا نەبەز و مامۆستا گوڵاڵە و مامۆستا حوسێن کاکەحەسەن، ئەندامی ناوەندی ٣ی کوردستان و بەڕێز عەلی کەسنەزانی، ئەندامی ناوەندی ١ی کوردستانەوە پێشکەش کران.
- لە کۆتاییشدا خەڵاتەکانی قوتابییانی سەرکەوتووی قوتابخانەی رۆژهەڵات و هاوکارەکانیان و قوتابییانی بەشی خەدەماتی کومیسیۆنی ماڵی خەدەماتی، لە لایەن بەڕێز هاوڕێ ئیسماعیلی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کران.

## هاودیتنی شاندی حیزبی دێموکرات و سەرکونسووڵی فەڕانسە لە هەولێر



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ١٨ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی کونسوولخانەی فەڕانسەی لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن بەڕێز «دوکتور فرێدریك تیسۆ»، سەرکونسوولی فەڕانسەوە پێشوازی لێکرا.

لەم دانیشتنەدا لەسەر رەوشی کورد لە ئێران و بارودۆخی رێژیمی ئێران و ناوچە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. دوکتور فرێدریك تیسۆ یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری حیزب لە رێکەوتی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی ئەو حیزبەوە بە سەپرستیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدییەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو هاودیتنەدا هەر دوو لایەن لەسەر پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆ و بەتایبەت هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و ئێران و کوردستان، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

هەروەها هەر دوو لایەن لەسەر بەهێزترکردنی پێوەندی و هاوکاریی زیاتری نێوانیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای زیاتر لەسەر پرسە گرینگەکانی نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی پێداگرییان کردەوە.

## هاودیتنی شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە سویس لەگەڵ بەرپرسی سکرتاریای پارتی سەوزی سویس

شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سویس، بە سەرپەرستیی بەڕێز نامدار سەفەری، بەرپرسی کۆمیتە، سەردانی بنکەی ناوەندیی «پارتی سەوزی سویس»یان کرد و لە لایەن بەڕێز «ئیڤان شاوڤێکر»، بەرپرسی سکرتاریای نێونەتەوەیی ئەو حیزبە پێشوازییان لێکرا.

لەم دانیشتنەدا، خەباتی سیاسی و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، پێوەندییەکانی هەر دوو لایەن، سیاسەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەمبەر کورد و پێوەندییەکانی نێوان رۆژئاوا و ئێران خرانە بەر باس و لەسەریان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە «ویسترۆس»ی سوئێد

رێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٩١، ٦٧مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ویسترۆسی سوئێد بەڕێوە چوو و لەو رێوڕەسمەدا بەریز «عەبدوڵڵا عەبدی»، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ویسترۆسی سوئێد پەیامێکی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە پەیامەکەدا چەندین پرسی سیاسی و رووداوەکانی هەنووکەی ناوچە و کوردستانی شرۆڤە کرد.

لە رێوڕەسمەکەدا پەیامەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها یەکیەتیی کوردان، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، پارتی سوسیال دێموکراتی سوئێد ـ لقی وستمانلاندی، یەکیەتیی ژنانی سۆسیال ـ دێموکراتی سوئێد، پارتی چەپی سوئێد، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە ـ لقی ویسترۆس، حیزبی شوعیی کوردستان و کۆمەڵەی کوردانی شاری ویسترۆسی سوئێد خوێندرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی رێوڕەسمەکەدا گرووپێکی ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێیان پێشکەش کرد.

بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## راگەیەندراوی هاوبەش

لە درێژەی دیدار و دانیشتنە هاوبەشەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ باس و لێکدانەوە و تاوتوێکردنی پرسە گرینگەکانی ناوچە و پێوەندیدار بە مەسەلەی ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، هەروەها لە درێژەی باسەکان بۆ گەڵاڵەکردنی رێککەوتننامەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاری و هاودەنگی نێوانیان کە ماوەیەك بوو لە لایەن هەیئەتی راسپێردراوی هەر دوو لاوە کاری بۆ دەکرا، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢١ی ئووتی ٢٠١٢ی زایینی، هەیئەتێکی رێبەریی هەر دوو لا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی بەڕێزان عەبدوڵڵای موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە و مستەفای هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی ٥ ساعەتیدا وێڕای باس لە پرسە گرینگەکان، بارودۆخی ئێران و ناوچە و کوردستان، باسەکانی پێشوویان لەسەر گەڵاڵەی رێککەوتننامە بۆ هاوکاریی نێوانیان درێژە دا و بەم شێوەیە ئەو رەوتەیان بە ئاکامی کۆتایی گەیاند و رێککەوتننامەکە لە لایەن بەڕێز کاك مستەفای هیجری و بەڕێز کاك عەبدوڵڵای موهتەدییەوە واژۆ کرا.

هەروەها هەر دوو لا هیوایان خواست کە نێوەڕۆکی ئەو رێککەوتننامەیە زەمینەخۆشکەر بێ بۆ هاوکاریی بەرینتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣٩١/٥/٣١ی هەتاوی
٢٠١٢/٨/٢١ی زایینی

دەقی رێککەوتننامەی نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیەیە:

# رێککەوتننامەی هاوبەش

ئەم رێکەوتننامە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئیمزا دەکرێ و لەوە بەدواوە لە هەر جێگایەکی ئەم رێکەوتننامەیەدا کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات دێ مەبەست لەو دوو رێکخراوەیە.

پێشەکی:

بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ساڵانێکی زۆرە کە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی پڕهەورازونشێوی خۆی تێپەڕ کردووە. بەرەنگاریی نەتەوەیی و قوربانیدان و شەهیدبوونی هەزاران رۆڵەی فیداکار لە پێناو سەلماندنی شوناس و مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کە لە سەرووی هەموویانەوە دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، راستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بۆ خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستا و لەم بارودۆخەدا، هەم ئاڵوگۆڕە جیاوازەکانی جیهان و هەم ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها هاوسەنگی زلهێزەکان و هاوکێشە نوێیەکانی ئەم پانتاییە، زیاتر لە هەمیشە بواری بۆ هێنانەئارای ویستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پێداگریی زیاتر لەسەر مافەکانی لە ئاستی جیهانیدا رەخساندووە.

باهۆزی گۆڕانخوازی و دێموکراسیخوازیی جەماوەری لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهێزتر لە هەر کاتێك، کۆڵەکەی دیکتاتۆرییەکانی بەرەو رووخان پاڵناوە. درەنگ یان زوو دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، بە بەردەوامبوونی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك و ئیرادەی قایمی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی، لە وڵاتی ئێرانیش ئاسۆیەکی جگە لە پەرەسەندنی قەیرانی فرەڕەهەندی ئابووری و سیاسی و رۆیشتنی بەرەو رووخانی یەکجارەکی بۆ بەدی ناکرێت.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و گرووپ و لایەنە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، لە دوو سێ ساڵی رابردوودا، بەدوای سەرهەڵدان و شکستی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، دەورێکی نوێ لە دیالۆگ و دانیشتنی هاوبەش و چالاکییان دەست پێکردووە. لەم نێوەدا سەرەڕای جیاوازیی روانگە و بیروڕا، هەندێك لێك تێگەیشتنی زیاتر و نزیکبوونەوە تێیاندا لە چاو رابردوو هاتۆتە ئاراوە و بیرۆکەی یەکگرتن و چەشنێك هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی دێموکراسیخوازی بە درووشمی گۆڕانی رژێم زیاتر لە پێشوو لایەنگری پەیدا کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، وەك دوو هێزی بەئەزموون کە لەم ماوەدا لەسەر کۆمەڵێك پرسی گرینگ هاوکاری و کاری هاوبەشیان بە ئەنجام گەیاندووە، لە درێژەی رەوتی روو لە گەشەی ئەم لێکنزیکبوون و هاوکارییانەدا هەردوولا لە سەر ئەو بڕوایەن کە لە هەلومەرجێکی وەهادا، رێککەوتن لەسەر کۆمەڵێك خاڵی بنەڕەتی هاوبەش لە دوو توێی ئەم گەڵاڵەیەدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم پلاتفۆڕمە هاوبەشە وەك سەرەکیترین ئەجێندای سیاسی لە هەمبەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەم سەردەمە لە راستیدا گوزارش لە چەشنێك هاوپەیمانی لە نێوان ئەم دوو هێزەدا دەکات.

ئەم رێککەوتننامە هاوبەشە کە لە لایەن رێبەریی هەر دوو حیزبەوە پەسەند کراوە، بناغەیەك بۆ کاری هاوبەشی هەر دوو لایەن لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، راگەیاندن و هتد... دادەڕێژێ. لە هەمان کاتدا بنەمایەکە بۆ تێکۆشانی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی ئەم رێککەوتننامەیە و بەدیهێنانی هاوکاری زیاتر لە نێوان باقی هێزەکانی کوردستانی ئێران.

الف) بنەما گشتییەکان:

١- هەر دوو لایەن لە سەر ئەو باوەڕەن بە بێ رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی بەدیهاتنی دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد دەستەبەر نابێ. هەروەها لەو بڕوایەدان کە نیزامی سیاسیی داهاتووی ئێران پێویستە سیستمێکی سیکۆلاری دێموکراتیکی فیدراڵ بێت، بۆیە پێویستە هەر دوو لایەن لە کۆڕو کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئوپۆزیسیونی ئێرانی و دەرەوە لەسەر ئەم خاڵانە پێداگر بن.

٢- کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات بڕوای تەواویان بە هەڵبژاردنی ئازادانەی سیاسی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەیە و لە وەها هەڵبژاردنێکدا بێشك سندووقەکانی دەنگدان بە سەرەکیترین سەرچاوەی مەشروعییەتی هەموو هێزێکی سیاسی لە کوردستان و بە بنەمایەکی سەرەکیی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای ئازاد و سەربەستی دەزانن.

٣- هەر دوو لا بڕوای تەواویان بە جیایی دین لە دەوڵەت هەیە و لەو بڕوایەدان کە حوکمڕانی دوارۆژی کوردستان و یاسای بنەڕەتی وڵات لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دێموکراسی و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دابنرێت. هەروەها ئازادیی ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەکان لە کوردستان بە مافێکی رەوا و حاشاهەڵنەگری هەموو دانیشتوانی کوردستان دەزانن .

٤- هەر دوو لا پێداگری لەسەر یەکسانیی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، بنەماڵەیی و هتد لە کۆمەڵگادا دەکەن و خۆیان بە پارێزەری یاسای پێشکەوتنخوازانە و مودێڕن و ئینسانی لەو بوارەدا دەزانن و بۆ چەسپاندنی تێدەکۆشن.

٥- کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات خۆیان بە پارێزەری ئازادی رادەربڕین، ئازادی نووسین، ئازادی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ، ئازادی دروستکردنی رێکخراوی سیاسی، ئازادی دامەزراندنی رێکخراوەگەلی مەدەنی و سینفی وەکوو رێکخراوەی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران، لاوان، موعەلیمان و هتد دەزانن و پشتگریی تەواویی یاسایی لە کۆمەڵگادا لێدەکەن.

٦- هەر دوو لا پشتگیری و پابەندبوونی خۆیان بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگەی کوردستان و گونجاندنی ئەو بابەتانە لە یاسای بنەڕەتیدا رادەگەیەنن.

٧- هەر دوو لا پابەندبوونی خۆیان بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسییەکانی نێوانیان لە رێگەی دیالۆگ و بەشێوەی سیاسی و هێمنانە و دوور لە هەر چەشنە توندوتیژییەك دەردەبڕن. هەروەها ئەم شێوازەش لە نێوان سەرجەمی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە پێویست دەزانن و بۆ چەسپاندنی ئەو پرەنسیپە لە پانتایی هەموو کوردستان تێدەکۆشن.

٨- حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە فێدرالیزمی نەتەوەیی ¬ـ جوغرافیایی وەك درووشمی سەرەکی و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان هەڵبژاردووە و خۆیان بە ئاڵاهەڵگری ئەم درووشمە دەزانن و کاری هاوبەش بۆ چەسپاندنی دەکەن.

٩- ئەم رێککەوتنە پرەنسیبی سەربەخۆیی سیاسی، رێکخراوەیی، دیپلۆماسی و راگەیاندنی هیچکام لەم دوو لایەنە خەوشدار ناکات، بەڵکوو هەوڵ دەدات کە هاودەنگی و هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکان کە لەم پلاتفۆرمەدا هاتووە دەستەبەر بکات.

ب) ئەرکەکانی پێش ئاڵوگۆڕی سیاسی و رووخانی رێژیم

١- ناساندنی کێشەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەستەبەرکردنی پشتیوانیی سیاسی بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، بۆ وێنە رێکخستنی چالاکیی دیپلۆماتیکی هاوبەش لە ئاستی جیهانی و سەردانی ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەم مەبەستە.

٢- بەشداریکردن یان نەکردنی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە هەماهەنگی و راوێژی پێشوو و پێداگری لە سەر ماف و داوکارییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئامانجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە رێگەی هەڵوێستی هاوبەش لە کۆنفڕانس و سێمینارە جیاوازەکان و هەماهەنگی لەم بوارەدا. پێداگریکردنی هەر دوو لایەن لە سەر درووشمی فێدرالیزم وەك رێگەچارەی پرسی نەتەوەکانی ئێران لە نێو گوتارە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و کەسایەتییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی. بەهێزکردنی هەڵوێستی هاوبەش و گوتاری پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەیی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و پاراستنی ئەم رێکخراوە و ناساندنی بە رای گشتی جیهان. هەوڵدان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی هاوبەش لە ئاست ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی کە دەربڕی پرەنسیپە ئەساسییەکانی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و ...بێ.

٣- هەر دووك لا پشتیوانی لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەن و هاوکات لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەر چەشنە دەستێوەردانی پارچەیەك لە پارچەکانی دیکە سیاسەتێکی نەگونجاو و زیانبارە . هەر لەم ئاراستەیەدا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و دەستەبەرکردنی جێگە وپێگەیەکی شیاوتر بۆ کوردی رۆژهەڵات و رەچاوکردنی سیاسەتێکی هاوبەش، بە پێی پێویست دانیشتنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبەن.

٤- کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بۆ دیتنەوەی رێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی لابردنی کۆسپەکانی سەر رێگای یەکریزی هەوڵ دەدەن.

٥- هەر دوو لا کۆکن لە سەر ئەوەی هاوکاری دوو قۆڵی نێوانیان پەرە پێبدەن و پتەوتری بکەن. لەم پێناوەدا هاوکاری لە نێوان ئۆرگانەکانی پەیوەندیداری هەر دوو لا لە بواری راگەیاندن، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی هاوبەش لە سەر رووداوە سیاسییە گرینگەکان وکاری هاوبەش بۆ لە قاودانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی یان هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و سیاسی، بە شێوەیەکی رێکوپێك هەنگاوی بەکردەوە هەڵدەگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
عبدالله موهتەدی

گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، ئووتی ٢٠١٢ی زایینی

# حەسەن شەرەفی: هەر میللەتێک نەیهەوێ لەنێو بچێ، لەنێو ناچێ

## وتاری جێگری سکرتێری گشتی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە



هاوڕێیانی خۆشەویست!
خوشك و برایانی بە ڕێز!
میوانانی ئازیز!

ئەمڕۆ ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی، ٦٧مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هەمان کاتدا ٧٠مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ك، ئەو ڕێکخراوەیە کە ٦٧ ساڵ لەومەوپێش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغە تەشکیلاتییەکەی ئەو ڕێکخراوەیە دامەزرا. بەو بۆنەوە، بەناوی دەفتەری سیاسی و ڕێبەرایەتی حیزبەوە و ئیجازە بدەن بە ناوی هەموو ئێوەشەوە، پیرۆزبایی لە یەك یەکی لایەنگران، ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکان، ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەم ئەوانەی کە لە هەموو شەرایەتێکدا پاڵپشتی بەهێزی حیزبە خۆشەویستەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. هەروەها بەو بۆنەوە سەری ڕێز و نەوازش دابنوێنین بۆ دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات لە سەرووی هەموانەوە، پێشەوا نەمر قازی محەممەد و ئەو ڕێبەرانەی کە دواتر لە بووژانەوەی حیزبدا لە بەرەو ڕێبازی درووستر و سەردەمیانەتری حیزبدا، دەستیان هەبووە و ئەرکیان بەڕێوە بردووە.

٦٧ ساڵ لەمەوپێش، لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بە هەوڵ و هیمەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هەموو ئەو تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانەی کە هەوڵی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەی کوردیان دەدا، حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٢٤ هەتاویدا دامەزرا. زەروورەتی دامەزرانی حیزبی دێموکرات چ بوو؟ ئێمە ئەگەر ئاماژە بە یەك یەکی ئەو مەورد و ئەو لایەنانە بکەین کە زەروورەتی دامەزرانی حێزبێکی بەو شێوەیەی مۆدێرن و پێشکەوتووی هەڵدەگرت، ڕەنگە پێویست بێ ئاماژە بە زۆر لایەن بکرێ و کاتی زۆر هەڵبگرێ. بەڵام ئەگەر وا دابنێین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو هەلومەرج و لەو کاتەدا دانەمەزرابا، تۆ بڵێی کۆماری کوردستانێك لە دایك بووبا و کیانێکی کوردی، بۆ یەکەمجار لە شێوەی کۆماریدا و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردیدا سەری هەڵدابا و لاپەڕەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردی پێ ڕازاباوە، یان ئەگەر بەبێ حیزبی دێموکرات دامەزرابا، تۆ بڵێی ئەو کیانە نێوەڕۆکێکی ئاوا دێموکراتیکی هەبا کە بە هۆی حیزبی دێموکراتەوە دامەزرا و هەیبوو. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دانەمەزرابا، تۆ بڵێی دوای کۆمار، تێکۆشانی ئەو حیزبە کە بە هیمەتی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە و بە پڕکردنی زیندانەکانی ڕێژیم لە وجوودی خۆیان و لە هەموو شەرایەتێکدا زیندوویی ئەو حیزبەیان پاراست، ناوی ئەو حیزبەیان پاراست و نەیانهێشت بزووتنەوەی کورد ڕەورەوەکەی لە حەرەکەت بوەستێت، هەروا بە هاسانی وەدی هاتبا. یان خەون و خەیاڵی ئێرانی بە ئیستلاح دوورگەی ئارامی زەمانی حەمەڕەزای شای پەهلەوی لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ ئاڵۆز بووبا، تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران. تۆ بڵێی ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانەمەزرابا، لە ڕۆژەکانی سەرکەوتن و شۆڕش و مانگەکانی پێش و دواتریدا، حیزبێك دامەزرابا، بە پەلە بیتوانیبا سەدان هەزار کەس و بە میلیۆن ئەندام و لایەنگری لە چەند مانگدا بۆ کۆ بێتەوە، ئەگەر ئەو حیزبە ریشەی لە دڵی خەڵکدا نەبا و لە بیر و مێشکی کۆمەڵانی خەڵك و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردا نەبا. تۆ بڵێی دوای ئەوەش کە کورد داوای مافی خۆی کرد و ڕێگای ئاشتییانەی گرتە بەر، بەڵام سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەمارۆکانی دەستی پێکردوو و کوردی خستە حاڵەتێکی زۆر تەنگانە و سەختەوە کە بێجگە لە دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی خۆی ڕێگایەکی بۆ نەماوە، ئەگەر حیزبی دێموکرات کاتی خۆی دانەمەزرابا و ئەو ڕەوتە چەندین ساڵەی نەپێواوتبا، دەیتوانی لە بەرانبەر ئەو هەموو هێرش و گەمارۆ و پیلانەدا، کە بەداخەوە بەشێکیشیان سەرکەوتن و سەری ڕێبەرانی ئێمەیان تێدا لە دەست چوو، ڕابوەستێ، بەڵام ئەو حیزبە هەر بەو قامەتەیەوە، هەر بەو نێوەڕۆکە دێموکراتیکەیەوەکە هەیبوو لە بەرابەر ئەمەدا ڕاوەستا. کەوابوو لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانی ئەو حیزبەوە تا ئێستا ئەگەر سەیری ڕووداوەکان و سەیری حەرەکەتی ئەو حیزبە بکەین و سەیری شوێندانەری ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بکەین، خۆی پێمان دەڵێ کە زەروورەتی دامەزرانی ئەو حیزبە چ بوو. گرینگ هەر دامەزرانێك نیە، گرینگ مانەوەی ئەوەیە کە دادەمەزرێت. ئێمە هەموومان بەتایبەت ئەوانەی کە لە مێژووی ئێران و کوردستان زیاتر لەوانەی دیکە شارەزان و دەزانن، لە ئێراندا و تەنانەت لە ناوچەدا هەبوون حیزب و ڕێکخراوی وا کە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان و یان هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزران، بەڵام لە ڕەوتی مێژوودا یا لەنێوچوون و نەماون یان ئەگەر ماون تەنیا نێوێکی بێنێوەرۆك و بە بێشوێندانەری لەسەر ڕەوتەکان ماون. بەڵام حیزبی دێموکرات کە پێکهات، مایەوە وەك خۆی و قایمتر و شوێندانەرتر لە پێشویش مایەوە. هۆی ئەوە چیە؟ ئەگەر تەماشای ژیانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە دەکەین کە بوون و نەماون و یان ماون و بێنێوەڕۆك و بێشوێندانەری ماون، دەبینین ئەوان لە دوو شتدا کەمیان هەبوو. یەکەمیان لەو باوەڕەی کە بۆی پێکهاتوون لە درێژایی زەماندا هەر لەسەری پێداگر بوون و نەگۆڕان و نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ سەردەم ڕێك بخەن و نەیانتوانی لەگەڵ ویستی خەڵکەکان و خەڵکی خۆیان بەرەوپێش بچن. هەر لەسەر بۆچوونەکەیان پێداگر بوون و هیچ شتێك نەیتوانی ئاڵوگۆڕیان تێدا پێك بێنێ. دووهەم لە باری پێوەندییەوە، پێوەندییەکانیان ناسالم بوو. واتە ئەوەندە لە پێوەندیدا بێ مشوور بوون کە وەکوو پێڕەو وەکوو دونبالەڕەوی وڵاتێك و لایەنێك سەیریان کراوە. بۆیە ئەگەر لە واقێعدا سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان لە دەست دا، زەمینەی تەتبیقی خۆیان لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دنیا نەبوو، توانەوە و نەمان و یان تەنیا بە نێو مانەوە. بەڵام حیزبی دێموکرات چوونکە سەربەخۆیی سیاسی خۆی پاراست چوونکە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی دنیادا چووە پێش و خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە تەتبیق دا لە هەر سەردەمێکدا، سوارچاکی مەیدانی ئەو سەردەمە بووە، چ ئەوکات و چ لە دەیەکانی دواتردا و تا ئێستاش. وە ئەوەش کە مانەوەی خۆی مسۆگەر کردووە بەو تایبەتمەندییانە، تایبەتمەندییەکانی هەر ئەوەندە نەبوون، بەڵکوو تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە هێندێك بڕگەدا، سەربەخۆییەکەی کەمێك بۆ لایەك لار بۆتەوە، دەستبەجێ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە کەوتوونە کار بۆ ئەوەی کە بیگێڕنەوە سەر ڕێبازی ئەساسی خۆی و بەتایبەتی لە٤ دەیەی دوایی تەمەنی ئەو حیزبەدا نەك نابینین زەڕەیەك لە سەربەخۆیی سیاسی ئەو حیزبە کەم یا خەشدار بوو بێ، بەڵکوو بۆتە تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ کە حیزبی دێموکراتی پێ دەناسرێتەوە. لە لایەکی دیکەشدا دەبینین لە هەموو دەورێکدا ئەو حیزبە خۆی لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و لەگەڵ سەردەم و بەرەوپێشچوونەکان بەرەوپێش چووە و خۆی تەتبیق داوە. ئەوەی کە کۆمەڵەی ژ.ك دادەمەزرێ و پاش ٣ ساڵ هەمان ڕێبەری و هەمان ئەندام و هەمان ڕۆژی لەدایکبوون تەبدیل بە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکرێت، نیشانەی جۆرێك خۆتەتبیقدان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بارودۆخی سەردەمە. یان ئەوە کە دەبینین لە جەوی غالبی بیروباوەڕی چەپدا، سۆسیالیزمی ـ دێموکراتیك لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دێتە ئاراوە و هەر ئەوەش لەگەڵ هێرش بەرەوڕووی دەکات و تۆمەتی لێ دەدرێت، بەڵام پێداگر دەبێ و بە دنیای نیشان دەدات، ئەورۆ دەردەکەوێ کە چەندە دروست بۆی چووە، ئەورۆ نەك بۆ هەموو خەڵك بەڵکوو بۆ ئەوانەی کە بە دژی ئەو بۆچوونە بوون و لە دژی پروپاگەندەیان دەکرد، ئەورۆ ئێعترافی پێ دەکەن و ئەمانە شانازییە بۆ حیزبی دێموکرات یان لەو کاتانەدا کە پێویستە ئێمە هەڵوێستی خۆمانمان هەبێت. تایبەتمەندییەکی دیکەمان، واقێعبینی لە سیاسەتدا بووە. لەو حیزبەدا، ئێمە ئەگەر ڕووداوێك بووبێ، ئەگەر مەسەلەیەك بۆ ئێمە مەترەح بووبێ، وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاومان لەوە نەبووە فەزای غاڵب لە کۆمەڵگادا و لە نێو بە شێك لە ڕیزەکانی حیزبەکەماندا چیە، ئێمە لێکدانەوەی خۆمانمان هەبووە و بە ناسین و بە لێکدانەوەی درووست هەڵوێست و ڕای خۆمان دەربڕیوە و کارمان بۆ کردووە. لەو پێوەندییەدا هێندێك جار وا هاتووەتە بەرچاو یان وا تاوانبار و تۆمەتبار کراوین کە لە دوایەین و یان هەڵوێستمان دڕەنگ گرتووە یان هەڵوێستەکەمان درووست نیە، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە هێندێك شت باس بکەم دەریدەخات لە هەموو ئەو مەقتەعانەدا لە پێش زۆربەی هەرە زۆری حیزب و لایەنەکان بووین. کاتێك ئاخوندەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و شۆڕشی خەڵکی ئێران بە لاڕێدا دەبەن، ئازادییەکان دەخنکێنن و دەیانهەوێ ڕێژیمێك لە ژێر ناوی ئەوەی کە ئێستا هەیە، دابمەزرێنن، زۆر کەس و لایەن بە ئینقلابی و بە دژی ئیمپریالیزم و بە ئازادیهێنەریان دەزانی، حیزبی دێموکرات بوو کە گوتی رفراندۆمەکە تەحریم دەکەم، نە رفراندۆمەکە ئازاد و دێموکراتیکە و نە ناوەڕۆکی ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیك کە بێتە سەر کار، ئەتوانێ دابینکەری دێموکراسی و مافی نەتەوەکان بێ. ئەوکاتە حیزبی دێموکرات زۆر کەسی دیکەی لە پەنا نەبوو لەو هەڵویستەدا، بەڵام ئەورۆ دەردەکەوێت کە ئەو هەڵوێستە چ بوو و چەندە درووست بوو. واقێعبینی بە ئێمەی ئیجازە نەداوە کە تابێعی جەوی درۆیینی سیاسی بین لە هەلومەرجەکاندا. کاتێك جەریانی ئیسلاحتەلەبی وەڕێدەکەوێ، زۆر کەس دڵی پێ دەبەستێ و درووشمی بۆ دەدات، حیزبی دێموکرات دەڵێ کە لەو قوڕە تۆز هەڵناسێت. لەو ڕێژیمەدا ئیسڵاحات مومکین نیە، وەدوای ناکەوێت و ئەوانەی کە بەدوای کەوتن ، ئێستا ئەگەر نەڵێم وەدوای سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتوون، دەبێ بڵێم کە بوونە موئەیدی سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ماوەیەك سەوز سەری هەڵدا کە گۆیا ئێران ڕزگار دەکات، زۆر کەس وەدوایان کەوتن و تەنانەت زۆر کەس ئێمەیان تاوانبار دەکرد وەدواکەوتووین لە هەنگاونان و لە تەئیدی ئەو حەرەکەتە. ئێمە دووبارە نەچووینە ژێر کاریگەرییەی ئەو جەوە و لێکدانەوەی خۆمانمان هەبوو، لەسەر ئەو کەسانەی کە دەیانەویست گۆیا لە ئێراندا چاککاری بکەن، پێمان وابوو ئاخر ئەوانە نە کارنامەیەکی باشیان هەبوو ئەوکاتە کە لە دەسەڵاتدا بوون نە بەرنامەیەکی باشیان هەبوو بۆ دوارۆژ کە بوونە نارازی. کەوابوو کەسێك کە کارنامەی باشی نەبوو، ئێمە چۆن ئێعتمادیان پێ دەکەین. کەسێك کە بەرنامەی نیە، چۆن دڵی پێ خۆش دەکەین بە کەسێك لە دەسەڵاتدا توندڕەویشی کردووە، ئێستا لە جەهەتی چاکسازیدا دڵی پێ ببەستم، بێ ئەوەی ڕابردوویەکی لەو بابەتەوە هەبێ یان بێ ئەوەی بەرنامەیەکی لەو پێوەندییەدا هەبێ. بە گشتی ئەوانە نموونەن بۆ ئەوە نیشان بدەین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە سیاسەت لەسەر ئەساسی واقێعبینی و لەسەر ئەرزی واقیعی دەکا، نە لە خەون و خەیاڵات و ئارەزوو و لە جەوی ناساغی سیاسیدا. حیزبی ئێمە نەك هەر تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەوە کە دەڵێن سیاسەت دایك و باوکی بۆی نیە و هەمووی فریودانە، باوەڕی بە ئەخلاق لە سیاسەتدا هەیە. ڕێبەرانی ئێمە فێریان کردین کە لە سیاسەتدا ئەخلاق دەتوانێ دەورێکی ئەساسی بگێڕێت. سیاسەتێك کە لەگەڵ ئەخلاق نەبێ ئەو هێزەی کە باوەڕی بە ئەخلاق لە سیاسەت دا نیە، ناتوانێ بۆ هەمیشە جێگای متمانەی هەموو کەس

> حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە سیاسەت لەسەر ئەساسی واقێعبینی و لەسەر ئەرزی واقیعی دەکا، نە لە خەون و خەیاڵات و ئارەزوو و لە جەوی ناساغی سیاسیدا

بێ. نەك هەر تایبەتمەندیی خۆی، حیزبی دێموکرات هێندێك دیاردەی نوێی لە بزوتنەوەی کوردیشدا باو کرد وەك ڕێبەریی جەمعی. لەو ئەزموونە کە لە بزووتنەوەکانی دیکەی کورد بوویان، بە دامەزرێنەرانی حیزبی ئێمە، بە پێشەوا، بە بووژێنەرەوەی حیزبی ئێمە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی تێگەیبوون کە ئەو بزوتنەوانە بۆ ئەوەی تووشی ئەو گێرەوکێشانە بوون، خۆ ڕەنگە هەر سەریش نەکەوتبان، بەڵام لانیکەم درێژەیان هەبایە، ئاکامی ئەوە بووە کە خەڵکەکە لە جیاتی ئەوە کە وە دوای حیزبی سیاسی و بەرنامەی ڕوونی سیاسی بکەون، لە دوای کەسێك یان کەسایەتییەك کەوتوون و ئەوەش شکستی هێناوە. بۆیە حیزبی ئێمە ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵی هێنا بۆ نێو بزووتنەوەی کورد کە ئەگەر لە سەری بدرێ، بەدەنە سەرلەنوێ سەر درووست بکاتەوە. هەرواش بوو، لە داوی پێشەوا، لە دوای دوکتور قاسملوو، لە دوای دوکتور شەرەفکەندی، بێجگە لەوە کۆمەلانی خەڵکی بار هێنا و ڕای هێناوە بۆ ئەوەی کە لە جیاتی بیر لە کەس بکاتەوە، بیر لە بەرنامەی سیاسی بکاتەوە و ئەوە جیاوازییەکە کە ئێمە نەتەنیا لەگەڵ بزووتنەوەکانی پێشووی نەتەوەی خۆمان هەمانە، لەگەڵ خەڵکی ئێرانیش هەمانە، ئێستاش بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران چاویان لە کاریزماییێکە کە وەدوای کەون، مونتەزری بێ، مووسەوی بێ، کەرووبی بێ، خومەینی بێ، ڕەزاشا بێ، موسەدیق بێ. ئەو مەسەلە ئێستا شکڵی نەگرتووە لە ئێراندا بەو جۆرەی کە لە کوردستاندا بەدوای بەرنامەی سیاسیدا بوون و شکڵی گرتووە. حیزبی ئێمە داهێنەری ئەوانەیە. ئەو سیاسەتە درووستە و واقعبینییە، ئەو هەموو خوێنە کە تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە داویانە، ئەو هەموو زیندانە کە لە تێکۆشەرانی ئێمە پڕ کرابوون، ئەو درێژەدەرییە لە خەباتدا، لەسەر یەك ئەو حیزبەیان لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا جێ کردووەتەوە و ئەو خەڵکەش هەر بۆیە بەردەوام سەنگەر بوون بۆ تێکۆشەرانی ئەو حیزبە، ماڵیان، مەزرا و شوێنیان و بۆیە خۆیان موئەیدی ئەو حیزبەن لە هەموو بارودۆخێکدا. ئەوە تایبەتمەندییەکی حیزبە کە هەر حیزبێك ڕەنگە بە زەحمەتێکی زۆر زیاتر لە حیزبی دێموکراتیش ئەگەر سیاسەت و بۆچوونەکانی وەك حیزبی دێموکرات نەبێ، ناتوانێ بە دەستی بێنێ. ئێمە ئێستا ئەو حیزبەی کە بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دامەزرا، بەو ڕەوتە لە مێژوو کە بە سەربڵندییەوە هێناویەتی، بەو بارودۆخەی کە تێدایە، بەو زەرفییەتەی بەرەو سەردەم چوون کە هەیەتی، ئێستا لە بارودۆخێکدایە کە لە نێو خودی کوردستانی ئێراندا، لە ئێراندا و لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا حیسابی لەسەر دەکرێ. بەڵام بارتەقای ئەو گەورەییەش چاوەڕوانییان لێ هەیە. چاوەڕوانییان لێ هەیە لەو بارودۆخەدا دەورێکی ئەساسیتر، زیندووتر، فەعالتر و بەچاوتر بگێڕێ. لە کام بارودۆخدا؟ لە بارودۆخێکدا کە لە وڵاتەکەمان لە ئێراندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کاتێك بۆ خەڵك ناسراوە و بێزراوە، نەك پێگەی سیاسی، بارودۆخی ئابووریشی شپرزەیە. تەنانەت پێگەی ئایینی و مەزهەبیشی وەك جاران نیە و پێڕەوی خۆبەکوشتدەری هێندە لە پشت نەماوە. کێشە نێوخۆییەکانیان، بارودۆخی خراپی خەڵکی، هەموو ئەوانە شەرایەتێکن کە ڕەوەندی موبارزەکەمان و ڕەوتی خەباتەکەمان ڕەنگە هەموارتر بکا. لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەشدا هەموو ئەو گیروگرفتانەی هەیە کە هەمووتان هەموو ڕۆژی لە سایتەکان، لە هەواڵەکاندا دەیانبینین کە چەندە ڕێژیمێکی بێزراوە و چۆن ناسراوە لە بیروڕای گشتیدا، ئەوەش بۆ خۆی ڕێخۆشکەرێکە بۆ تێکۆشانی ئێمە. لە لایەکی دیکەوە دەبینین ڕەوتێك لە ئاڵۆگۆڕ لە دونیا، لە ناوچەدا و لە دەوروبەری ئێمە هاتووتە کایەوە. ئاڵۆگۆڕ لە هێندێك وڵات ڕووی داوە، ئاڵۆگۆڕ لە هەندێك وڵات لە گۆڕێدایە و ئاڵۆگۆڕ لە هێندێك شوێن بەڕێوەیە و ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین و هەموو ئەگەرەکان هەروەك تا ئێستاش کردوومانە هەموو ئەگەر و تێبینییەکان پێشبینی بکەین و خۆمان بۆ هەر یەك لەو شەرایتانە ئامادە بکەین و خۆمان لەگەڵ وەزعییەتەکە جۆرێك تەتبیق بدەین کە لە هەر حاڵەتێکدا و لە ئەگەری ڕوودانی هەر ئەگەرێکدا ئێمە وەزنەیەکی قورس لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆماندا بین. بۆ ئەو مەبەستە پێمان وایە نەتەوەی ئێمەش و بە تایبەت هێزە سیاسییەکانی ئێران پێویستیان بە یەکدەنگی و یەکڕیزیی زیاتر هەیە بۆ ئەو مەبەستە ئێمە بیستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، لە پلۆنیۆمی ئەخیرماندا و بە پێی بریاری ئەو پلۆنۆمە ئێمە بە پێی ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانەی کە ٦ ساڵ لەمەوپێش لە حیزب جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کات زۆرمان هەوڵ دا جیابوونەوە نەبێ، لەگەڵ ئەوەی کە دوای جیابوونەوە زۆرمان هەوڵ دا یەکڕیزی دەستەبەر بێتەوە، بەڵام سەر نەکەوتین، بەڵام دیسان بە باشمان زانی دەستپێشخەرییەکی دیکەش بکەین و ئەو دەستپێشخەرییەش کرا و لە ڕاگەیەندراوێکدا پێشنیاری دیالۆگ و دانیشتنی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کە پێشتر جیابوونەوە ڕاگەیاند. ئەوەمان بە نیازپاکییەوەش کردووە ئێستا هەر کەس چۆنی لێکدەداتەوە و هەر کەس بە چ ڕەشبینییەکەوە تەماشای دەکا، کەیفی خۆیەتی، گرینگ ئەوەیە ئێمە بە نیەتێکی خاوێن و پاك ئەو کارەمان کردووە، تەنیاش بۆ دەستەبەرکردنی یەکڕیزی. ئەو هاوڕێیانەی پێشووش لە ڕاگەیەندراوێکدا وڵامیان داوەتەوە. وڵامەکەیان هەم جێگای دڵخۆشییە، چونکە پێشوازی لەو بانگەواز و کراوە و بە شتێکی باش زانراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وشە و ڕستەی وای تێدایە کە وەهمی ئەوەی لێدەکرێ کە ئەوە شەرت بێ. چونکە هیچ شەرتێك ناتوانێ یارمەتی بەو ڕەوتە بکات. ئەگەر قەرار بێ هێندێك شت کە خۆیان مەوریدی ئیختلافن، پێش دانیشتن و دیالۆگ حەل بن، دانیشتن و دیالۆگ مانای نامێنێ. ئێمە ئومێدەوارین ئەوە هەر ئیبهام بێ و پێشوازییەکەیان بێ مەرج بێ و بە زووترین کات و لە شەرایتی موناسیبدا زەمینەیەك بۆ ئەو دیدار و دیالۆگانە خۆش بکرێ، بەڵکوو ئەو زەروورەتەی کە دەخوازێ یەکڕیزییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستەبەر بێتەوە، دەستەبەری بکاتەوە. ئێمە ئومێدەوارین جوابی ئەو نیازپاکییەمان بە نیازپاکییەوە وەربگرینەوە و ئەو ڕەوتەی تا سەر بەرین و بە سەرکەوتن بیگەیێنین. تێکۆشانی ئێمە تەنیا بەوەش مەحدوود نەبووەتەوە، ئێمە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە هێزە کوردستانیەکانش دانیشتنمان هەبووە، لێکنزیککردنەوەی بیروڕامان هەبووە. مەسایلی هاوبەشمان دەستنیشان کرد و ئومێدەوارین ئەو ڕەوتە کە لە کۆتایی نزیکە ئەویش بە کۆتایی بگات و لە موناسبەتێکی دیکەدا بە ئاگاداری ئێوەی خۆشەویست بگا. ئێمە لە دروشمی خۆماندا لە هەر ڕەوتێکدا هەر دروشمێکی ئەساسیمان هەڵگرتبێ، دوو شتی ئەساسیمان لەبەر چاو گرتووە، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران و دێموکراسی، بەڵام لە بڕگەی جۆراوجۆر و لە ڕەوتی بزووتنەوەدا هەر جارە جۆرێك فۆرمولە کراوە، لە قاڵبی خۆدموختاریدا، لە قاڵبی فێدرالیزمدا، بەڵام هەر جۆرێك بووبێ مەبەستەکە یەکە، دابینبوونی مافی نەتەوایەتی و تەئمینی دێموکراسی. تازە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگای خۆماندا و هەتا لەنێو ریزەکانی حیزبی خۆماندا هێندێك جار، لە نێوان ئەو دوو مەقوولەدا تەقابولمان دیوە و حیزبی ئێمە بە وردبینی و زەرافەتەوە توانیویەتی تەوازوون و هاوسەنگی و زەروورەتی هەردووکیان وەك یەك بپارێزێ. جاری وا هەبووە لە حیزبی ئێمەدا فەزای ناسیۆنالیزم ئەوەندە بە توندی غالب بووە کە گە یا ند و و یە تە نا سیۆ نا لیز مێکی بەرچاوتەنگ. حیزبی دێموکرات بە دیققەت و زەرافەت و بە زەروورەتێکی کە دێموکراسی هەیەتی وەك پاڵپشت و تەزمینی مافی نەتەوایەتی بە جۆرێك پاراستوویەتی کە نەیهێشتووە بێ ڕەنگ بێ لە موقابیل ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگدا. ئەو کاتەی کە ئیدئۆلۆژی جۆراوجۆر بە ئیسلامییەوە، بە چەپییەوە، بەسەرکۆمەڵگادا یان لە نێو ریزەکانی حیزبی ئێمەدا غالب بووە و ویستوویەتی مەسەلەی نەتەوایەتی کەمڕەنگ بکات و بڵێ هەمووومان موسڵمانین و هەموومان براین و لە ئیدەی چەپ و پێشکەوتوودا هەموو شتێك خۆی دێتە دی و ئەو شوعارانەی ناوێ، حیزبی دێموکرات لەو حاڵەتەدا مەسەلەی نەتەوایەتی لەبەرامبەر شتەکانی دیکەشدا کە ئەوانەش زەروورین بۆ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگا، پاراستوویەتی و ڕایگرتووە و هاوسەنگی لە نێوان ئەو دووانەدا ڕاگرتووە لەبەر ئەوەی زانیویەتی بە بێ دێموکراسی مافی نەتەوایەتی دابین نابێ، ئەگەر دابین بێ تەزمینێك بۆ تەمەندرێژییەکەی نیە و ئەگەر مافی نەتەوایەتیش لە ئێراندا بە تایبەتی هی کورد دابین نەبێ، دێموکراسی نە مانای هەیە نە مەفهومی واقعیی خۆی دەبەخشێ، سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەو چاوەڕوانییانەی کە لە حیزبی ئێمە هەیە هەمووی هەقە، بەڵام لەو موناسیبەتە و لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبدا ئێمەش چاوەڕوانیی خۆمان ڕادەگەیەنین لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە هەمیشە بە دەنگ بانگەوازمانەوە هاتوون کە چاوێك لە ڕەوتی ئەو ڕووداو و ئاڵۆگۆڕانە بکەن کە ڕۆڵی خەڵك لە پەنا حیزبە سیاسییەکانیان چۆنە و ئیزن بدەن حیزبی ئێمەش ئەو چاوەڕوانییانەی لەوان هەبێ بۆ ئەوەی کە چاوەڕوانیی ئەوان لە لای ئیمە بەدی بێ و هی ئێمەش لە لای کۆمەڵانی خەڵك کە دیارە هیچمان لە یەك جودا نین، هەموومان ڕۆڵەی یەك نەتەوەین و بۆ یەك ئامانج خەبات دەکەین، بێتە دی و سەرکەوتنەکەمان مسۆگەر بێ. ئێمە لەگەڵ هێزە ئێرانییەکانیش هەر لە تەبادولی نەزەر و گفتگۆداین، زۆر هاسان نیە هەموو خواستی ئێمە بە کەسانێك کە ئەو شتانەیان بۆ گرینگ نەبووە یا تەنانەت بە مەترسیداریان سەیر کردووە، چەند ڕۆژە بێتە دی، بەڵام بەرەوپێشچوونمان لە تەسبیتی نەزەراتی خۆمان، لە تەلقینی ئەوەی کە ئێمە باوەرمان پێیە بە ئەوان، هەنگاوێکی زۆر گەورە چووینە پێش، شت ماوە بەڵام زۆر شتیش قەبووڵ کراوە و چووینە پێش. من جارێکی دیکە ڕۆژی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەمووتان پیرۆزبایی دەڵێم، سەرکەوتن بۆ ئەو حیزبە تێکۆشەرە کە ئەو هەموو قوربانی داوە و ئەو هەمووە ڕەنجەی کێشاوە، ئەو ڕێبەرە گەورانەی لە پێناو ئامانجی خەڵکی کوردستاندا لە دەست داوە، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم. من دڵنیام هەر میللەتێك نەیهەوێ لەنێو بچێ، لەنیو ناچێ. هەر میللەتێك بیهەوێ مافی خۆی بە دەست بێنێ، ڕۆژێك پێی دەگا، درەنگ یان زوو، ڕەنگە شەرایەت شوێنەواری لە بواری زەمانییەوە لەسەر دابنێ بەڵام لە مەسیری سەرکەوتنەکە لای نادا، ئەو سەرکەوتنە بۆ کورد بە گشتی و بۆ کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ حیزبی خۆ شە و یستە کە ما ن بەتایەبتی بە ئاوات دەخوازین، لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ هەمووتان، سەرکەوتن



ڕۆژهەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

## دیمەنێک لە پیونگ یانگەوە

نیۆیۆرك تایمز وتارێکی لە ژێر ناوی «دیمەنێك لە پیونگ یانگەوە» بە قەڵەمی چارڵز ئارمسترانگ بڵاو کردەوە کە نووسەر باسی ئەو ئاڵوگۆڕە رووکەشانە دەکات کە لە کورەی باکوور ئەمڕۆکە بەرچاو دەکەن. نووسەر لە سەرەتادا شەقامەکانی پیونگ یانگ، پێتەختی کورەی باکوور بە شەقامەکانی هاوانا دەشوبهێنێ کە بەتاڵن بە تەختەی تەبلیغاتی کاڵا، بەڵام بە پوستێری پروپاگاندا داپۆشراون و دواتر دەڵێ ئەم شارە لەم ڕۆژانە وا دێتە بەرچاو کە لە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵ لەمەوبەر قەرەباڵغترە و ئیستانداردەکانی ژیانی زیاترە. دواتر دەنووسێ: «سەرچاوەی ئەم سامانە نوێیە شتەیەکی ڕەمزاوییە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بازرگانی چینی و سەرمایەدانان بە بەشێکی باشی دادەنرێ. پیونگ یانگ ئیمڕۆ بەو دانیشتووانەی کە زیاتر جلوبەرگی ستایلی ڕۆژئاواییان لەبەردایە و موبایلیان بەدەستەوەیە، زیاتر لە شارێکی پارێزگایەکی ریکوپێکی چین دەچێ تا پێتەختێکی دوایین حکوومەتی ستالینیستی جیهان کە بۆ ژیانی سادە دەبێ. کورەی باکوور بە هۆی دەسەڵاتە نوێیەکەیەوە، «ڕێبەری ڕێزدار» کیم جونگ یون، بە ڕوونی دیارە کە بەرەوپێش دەچێ».

دواتر دەڵێ: «بەڵام بۆ پێشەوە، ڕاست بەرەو کوێ؟ هێندێ لە شرۆڤەکاران دەڵێن کورەی باکوور لە لێواری دارماندایە، هێندێکی دیکە دەڵێن لە لێواری ریفۆرمی ئابووری جیددیدایە. دادوەریکردن بەپێی ئەوەی من لە کاتی سەفەرم لە جولایدا بۆ کورەی باکوور بینیم، نیشانی دەدا کە واقعییەتەکە کەمتر گرینگی هەیە: ئاڵوگۆڕێك لە ڕووخساری ڕێبەرایەتی و شاری پێتەخت، بەڵام نەك لە سیاسەتدا.»

ئەو دواتر باسی ئەوە دەکات کە کاتێك لە ٢٠١١دا، پێش لە مردنی باوکی کیم جونگ یون، سەردانی پیونگ یانگی کردووە، پروپاگاندای فەرمی تەنیا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لەوە دەکرد کە ئەو میراتگیری دەسەڵاتەکەیە، بەڵام لە دوایین سەردانیدا درووشمگەلێکی زۆری بینیوە وەك «هەر بژی ڕێبەری مەزن، هاوڕێ کیم جوون یون!»، «تەمەندرێژ بێ کیم جوون یون، هەتاوی کورەی لەپێشدا سەربازی!» و بە شێوەی ناپیرۆزیش پروپاگاندا کراوە کە «لە پێناو سەرکەوتنی کۆتایی، پێڕەوی ڕێبەری مەزن، کیم جوون یون بە!». دواتر باسی ئەوە دەکات کە کیم جوون یون بە شێوازی دەرکەوتنی و شێوازی لێدانی مووی سەری، وادەدەکەوێ کە دەیهەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کیم ئیل سونگ، دامەزرێنەری کورەی باکوور کە لە ١٩٤٠ەکاندا دەسەڵاتی گرتەدەست.

نووسەر دواتر باسی ئەوە دەکات کە کیم جوون یون خەریکە بازنەی دەسەڵاتی سەردەمی باوکی دوور دەخاتەوە و لە کاریگەری نیزامییەکان کەم دەکاتەوە و بەرەو چاکسازییەکی گەورەی ئابووری هەنگاو هەڵدەگرێ، بەڵام لەم کاتەدا، بەڵگەگەلی پێویست لە ئارادا نین کە چاکسازی جیددی بکرێ. دواتر لە لایەکەوە باسی گەشەکردنی پیشەسازی خانووسازی و ریگەوبان و پارکسازی لە پیونگ یانگ دەکات و لایەکی دیکەوە باسی مەودای زۆری نێوان شارە قەراخییەکان لەگەڵ پێتەخت دەکات. نووسەر لە کۆتاییدا دەڵێ: «لە ئێستادا، نیشانەکانی گۆڕان کەمن، تەنانەت ئەگەر خودی تابلۆکان گۆڕابن».

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# گەلاوێژ

ڕەزا مورادی

هەموو رۆژێك كە رۆژ ئەمرێ
خەیاڵم نوقمی ئێوارەیە و
چاویلكە و چاوەكانم
پەنجە و قەڵەم
بێ ئوقرەتر لەئوقرە و
بەتاسەتر لە تاسە
چاوەڕوانی گەلاوێژن
هەتا..........
شێعرێك ئەبێ بەدایك و
نیشتمان ئەبێ بە لانك
بۆ تۆ دەدوێم

..................
لاپەڕەكانی زەمەن
چۆن بۆ شاخ
چۆن بۆ نیشتمان
ئاوازی نەمری دەهۆننەوە
گەڵا بۆ دار دەدوێ
شوێن پێ بۆ خاك
هەور بۆ باران
چاو بۆ فرمێسك
خوێن بۆ دەمار
دڵ بۆ ئەوین
شاخ و بەرگ
بۆشۆڕشگێڕێكی بەئەمەگ
منیش بۆ تۆ
منیش بۆ تۆ دەدوێم بۆ تۆ
ئەی دێرئاشناكەم
كێ نازانێ كێ ؟
سەربازی ونی پەشێو و
شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم و
دوازدە وانەكەی
دایكیان گەلاوێژ بوو
گەلاوێژ دایكیان بوو

........................
بۆساتێكیش سڵ مەكەن
لە هەڵمەتی شاعیر پرسیار بكەن
یاخیبوونەكەی لە كێ فێر بوو؟؟
یاخی ببن ! یاخی ببن !

........................
ناڵەی هێمن
ناڵەی نەی بوو
چاوی كەژاڵ و
گەردنی پڕ خاڵ نەبوو
تەلان و بەندەن و بەردی لەئامێز
بوو
گەلاوێژ بوو كە هێمن بوو
هێمن نەبوو

........................
گەلاوێژ بوو كە هەژار بوو
هەژار نەبوو..

........................
لەگەڵ تۆمە ئەی دێر ئاشنا
لەگەڵ تۆ
(خۆ تۆ بەفرە زستانە نیت
بەهار هات بتوێیتەوە)
كەنار نیت
وەبەر لێزمەی شەپۆل كەوی
رووبار نیت
نوقمی دەریاكان بی
هەوا نیت
لە هاویندا هەڵپڕووكێی
زستان نیت
كڕیوە و سەرما لەگۆت بخا
تۆ گەلاوێژی
گەلاوێژ..........

# بۆمبی فەرهەنگیی ئێران لە ئیسرائیل تەقییەوە

کامیێز فەتاحی



رۆژ نییە لە راگەیەنەكانی ئیسرائیلدا سەبارەت بە «مەترسیی ئەتۆمیی» ئێران و ئەگەری بۆمبارانی ناوەندە ئەتۆمییەكانی باس نەكرێت. لەم دۆخە تەنگژاوییەدا، هەندێك لە كەسایەتەییە ئەدەبییەكانی ئیسرائیل دەڵێن كە «بۆمبێكی فەرهەنگیی ئێرانی»یان لە وڵاتەكەیاندا تەقاندۆتەوە.

بۆمبە فەرهەنگییەكەی ئەوان دوو رۆمانی «خاڵەگیان ناپلئۆن»ی ئیرەجی پزیشكزاد و « فەوتانی كۆلۆنێل»، بەرهەمی «مەحموود دەوڵەت ئابادی»یە.

لە رۆژی پێنج شەممە (نۆی ئووت)ەوە وەرگێڕانی عیبریی ئەو دوو بەرهەمە سەركەوتووەی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران لە هەندێ لە كتێب فرۆشییەكانی تێلاڤیڤ و دیكەی شارەكاندا دەست دەكەوێت.

مۆژگانی نەوی، شارۆمەندی ئیسرائیلیی بە ڕەچەڵەك ئێرانی ئەو دوو رۆمانەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی عیبری.

خاتوو مۆژگان كە لە تەمەنی نۆ ساڵاندا ئێرانی بەجێهێشتووە دەڵێت كە تەنزی خاڵەگیان ناپلئۆن و ریوایەتی خەماویی فەوتانی كۆلۆنێل رواڵەتێكی نوێ لە زێدەكەی دەخاتە بەر دیدی ئیسرائیلییەكان.

ئەو دەڵێت: «خەڵكی ئیسرائیل ئەو هەمووە سەبارەت بە ئێران و سیاسەتی ئێران قسە دەكەن بەڵام هیچ لە كولتووری ئێرانی نازانن... دەمویست بە (خاڵەگیان ناپلئۆن) رواڵەتێكی خۆش مەشرەب لە ئێرانییەكان بناسن، نەك هەر بە تەنیا بۆمبی ئەتۆمی و ئەحمەدی نەژاد.

خاڵەگیان ناپلئۆن چیرۆكی پیاوێكی لێویاوە كە بە هۆی ناكامییەكانییەوە لە ژیانی راستەقینەیدا، لە زەینی خۆیدا خۆی وەك ناپلئۆن دێتە پێش چاو و وادەزانێت كە ئینگلیسییەكان بە نیازن لەناوی بەرن.

چیرۆكی خاڵەگیان ناپلئۆن لە باخێكی گەورەدا روودەدات كە سێ باڵاخانەی تێدایە: باڵاخانەی پاڵەوانی چیرۆكەكە، خوشكەكەی و برا بچووكەكەی كە سەرەڕای ئەوەی بە پلەیەكی نزم لە سوپا نیشتەجێ كراوە، بە سەرهەنگ ناوی دەبەن.

لەو باخەدا رووداوگەلێك روودەدەن كە تا رادەیەك لە كۆمەڵگای ئێران دەچێت و ئیرەجی پزیشكزاد بەو پەڕی هونەرمەندییەوە چیرۆكی ململانێكان و گرفتەكانی دانیشتوانی ئەو خانەباخە بە زمانی تەنز دەگێڕێتەوە.

بە دەرهێنەریی ناسری تەقوایی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەر بنەمای كتێبی خاڵەگیان ناپلئۆن فیلمێكی دوور و درێژیش بە شێوەی زنجیرەیی دروست كرا.

مۆژگانی نەوی، خاتوونی ئیسرائیلیی بە ڕەچەڵەك ئێرانی كە ئەو دوو كتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عیبری دەڵێت كە تەنزی خاڵەگیان ناپلئۆن و ریوایەتی خەماویی فەوتانی كۆلۆنێل رواڵەتێكی نوێ لە زێدەكەی دەخاتە بەر دیدی ئیسرائیلییەكان.

شیركەتی بڵاوكەرەوەی «عم عوود» لە قۆناغی یەكەمدا ٣٠٠٠ دانە لەو كتێبەی هەناردەی بازاڕ كردووە.

جاناتان ناداو، ویراستاری عیبری زمانی خاڵەگیان ناپلئۆن دەڵێت كە لانیكەم ساڵێك لە كاتی خۆی بۆ پێداچوونەوە و هەڵەبڕیی ئەو كتێبە تەرخان كردووە.

ئەو دەڵێت: «لەكاتی پێداچوونەوە بە گتێبە خاڵەگیان ناپلئۆندا بەردەوام پێدەكەنیم. وەكوو ویراستار بەرپرسیارین لەوەی چەندین جار كتێبێك بخوێنینەوە. سەبارەت بەم كتێبە چوار جارانم خوێندۆتەوە، هەرجارەو رستە و دەستەواژەی نوێم تێدا دەبینییەوە. جاری سێهەم و چوارەم بەلامەوە پێكەنیندارتر ببووەوە.».

**فەوتانی كۆلۆنێل**

دوورا نێكبی، ویراستاری عیبری زمانی فەوتانی كۆلۆنێل ئەو كتێبەی بە جێی «سەرسووڕمان» وەسف كردووە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەش ناكات كە وەرگێڕانی عیبریی فەوتانی كۆلۆنێل ئەو كتێبە بكاتە كتێبێكی پڕفرۆش و جێی پەسەندی خەڵكانی ئاسایی.

خانمی نێكبی دەڵێت: «فەوتانی كۆلۆنێل كتێبێكی قورس و ئاڵۆزە. چیرۆكێكی تاڵی هەیە، من لە كاتی پێداچوونەوەیدا زۆرجاران گریاوم. چەندجار خوێندوومەتەوە، هەرجارە كە دەگەیشتمە هەندێ شوێنی چیرۆكەكە فرمێسك دەزایە چاوەكانم.»

رۆمانی فەوتانی كۆلۆنێل بەسەرهاتی ئەفسەرێكە لە «سوپای پاشایەتیی ئێران» كە ژیانی ئەو و بنەماڵەكەی لە سەردەمی شۆڕشی دژە پاشایەتیی ساڵی ١٣٥٧دا دەگێڕێتەوە.

چیرۆكەكە لە شەو و رۆژێكدا روودەدات، بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆ رابردوو خوێندنەوە و رامانێكی قووڵە لە رووداوەكانی مێژووی سەدەی هاوچەرخی ئێران و هەوڵەكانی خەڵكی ئێران بۆ دەستەبەركردنی كۆمەڵگایەكی مۆدێرن و پێشكەوتوو دەخاتەروو.

بە بۆچوونی رەخنەگرانی ئەدەبی، ئەم رۆمانە لە گێڕانەوەی ژیانی كۆلۆنێل و بنەماڵەكەی تێدەپەڕێت و دەپەرژێتە سەر رەخنە لە پارادۆكسە سیاسی، كولتووری و كۆمەڵایەتییە زاڵەكان بەسەر كۆمەڵگای ئێراندا.

فەوتانی كۆلۆنێل بۆ یەكەمینجار ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی لە سوویس بە زمانی ئاڵمانی بڵاو بووەوە.

بە پێچەوانەی كتێبی خاڵەگیان ناپلئۆن، فەوتانی كۆلۆنێل هەرگیز لە ئێران و بە زمانی فارسی بڵاو نەبووەتەوە. وەزارەتی ئیرشاد دەڵێت نیگەرانی «كاریگەرییە خراپەكانی» ئەو كتێبەیە.

بەڵام وەرگێڕ و بڵاوكەرەوە، ئەو دوو بەرهەمەی مەحموودی دەوڵەت ئابادی و ئیرەجی پزیشكزاد بە شاكاری ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران دەزانن و وەكوو رۆچنەیەك بەرەو مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی ئێرانییەكان وەسفی دەكەن.

**وەرگێڕان: كوردستان**
**سەرچاوە: بی بی سی**





# ئافرێنەری ئی تی ماڵئاوایی لە ژیان کرد

كارلۆ رێمبالدی، هونەرمەندی پسپۆڕ لە ئەفراندنی دیمەنە تایبەتەكانی سینەما، پاش ساڵانێك ململانێ لەگەڵ نەخۆشین لە تەمەنی ٨٦ ساڵدا كۆچی دوایی كرد. كارلۆ رێمبالدی بەهۆی ئەفراندنی كەسایەتیگەلێك وەك ئی تی و كینگ كۆنگەوە ناوبانگی جیهانیی هەبوو.

كارلۆ رێمبالدی لە شارچۆكەیەكدا بە ناوی «ڤیجارنۆ مینناردا» لە نزیكەی شاری «فێرارا» هەڵكەوتوو لە باكووری رۆژهەڵاتی ئیتالیا لەدایك بووە.

كارلۆ خوێندنی خۆی لە بواری هونەردا لە شاری بلۆنیا تەواو كرد و لە ساڵی ١٩٥٦ەوە كە بە مەبەستی سازكردنی ئەژدیهایەكی ١٦ میتری بانگهێشت كرابوو، لێهاتوویی خۆی لە بواری داڕشتن و چێ كردنی كەسایەتییەكانی ناو چیرۆكە خەیاڵییەكان نیشان دا.

پاشان كارلۆ رێمبالدی بانگهێشتی رۆم دەكرێت و لەوێوە رێگای چوونەناو هالیوودی بۆخۆی هەموار كرد بۆ ئەوەی لە فیلمی «كینگ كۆنگ»دا مەیموونە زەبەلاحە ئەفسانەییەكە دروست بكات.

كارلۆ لەگەڵ دەرهێنەرگەلێكی بەناوبانگ وەك «پییێر پائۆلۆ پاسۆلینی» و «داریۆ ئارجێنتۆ»یش هاوكاری كرد، بەڵام ناوبانگە جیهانییەكەی پاش چوونەناو هالیوود بۆی دەستەبەر بوو.

ئەو بە هۆی هاوكاری كردن لەگەڵ «ئێستیڤێن ئێسپیلبێرگ» لە فیلمی ئی تی دا، رادلی ئێسكات لە فیلمی بێگانەدا و جان گیلێر مینز لە فیلمی كینگ گۆنگدا سێ جار خەڵاتی ئۆسكاری دیمەنە تایبەتەكانی وەرگرت.

ئی تی، ئەو كەسایەتییە فەزاییەی كە رێمبالدی بۆ فیلمەكەی ئێستیڤێن ئێسپیلبێرگ ئەفراندی، بۆ زۆركەس تەنیا وێنەیەكە كە بۆ بوونەوەرێكی فەزایی جێی باوەڕە.

رێمبالدی هەمیشە خۆی وەك منداڵێك وەسف دەكرد كە حەزی لێیە یاریی بكات و لەیستۆك دروست بكات.

ئەم جادووگەرەی دیمەنە تایبەتەكانی سینەما دوایین رۆژەكانی ژیانی خۆی لە نەخۆشخانەیەك لە شاری «لامزیا تێرمێ» لە ناوچەی كالبێریای ئیتالیا تێپەڕاند.

بێ دوان...



# ئافرەت لە ئەدەبی زارەکیی کورد دا

ن: کریستیەن ئالیسۆن



**بەشی یەکەم**

بۆ توێژەری کورد، "فۆلکلۆر" ڕۆڵێکی گرینگی لە کەلتووری سوننەتیدا هەیە. لە پێناسە کردنی فۆلکلۆردا وەك کۆگایەك لە زانست و هزرین، ئاماژە بەوە کراوە کە فۆلکلۆر بەشێکی بەرچاو لە ژیانی کوردان لە خۆ دەگرێ و هێزێکە کە کۆمەڵگایەکی سوننەتی پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەگەرچی لەم ڕۆژگارەدا ژمارەی ئەو کەسانەی بە شێوەی سوننەتی لە گوندەکان دەژین رووی لە کەمی داوە، سەرەڕای ئەوەش رادەی خوێندەواری و زانست لە ناو کورداندا زۆر بەرچاو نییە. هەر بۆیەش فۆلکلۆر گرینگایەتییەکی سیمبۆلیکی زۆر بەربڵاوی هەیە و نەك هەر یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکوو پاشماوەکانی تاقانەی ئەدەبیاتی کوردیشە کە زۆربەی خەڵك زۆر بە باشی لێی ئاگادارن.

لە بەستێنی کەلتووری کوردیدا، وشەی فۆلکلۆر رەهەندگەلێکی بەربڵاوی هەیە و شێوازە سوننەتییەکان و نەریتەکانی تایبەتی کۆمەڵگا لە بوارەکانی هونەری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەخۆ دەگرێ. لەم باسەدا زیاتر ئەدەبیاتی زارەکی و بە واتایەکی وردتر "هونەری وێژەیی" دەخرێتە بەر باس کە بابەتگەلێك لەمەڕ سوننەتەکان و داب و نەریت و باوەڕە کەونارایییەکان و هەروەها لەمەڕ شێعر و نووسراوە دەخرێتە بەر باس. هەموو ئەو بابەتانە لە رابردوودا بە شێوەی زارەکی پێشکەش دەکران بەلام ئێستاکە زۆربەیان کۆ کراونەتەوە و چاپ کراون.

فۆلکلۆر لە زمانی کوردیدا زۆربەی کات بە واتای Hyperotrophy خراوەتە بەر باس (Nikitine ١٩٥٠) کە ئەورووپییەکان پێی دەڵێن شێعری شەڕگە، قەسیدە، تەرجیع بەند، پەندی پێشینیان، چیرۆکی فۆلکلۆر و چەمەری و شتی تری لەم شێوەیە. ئەو بەربڵاوی و جیاوازییانە، دەتوانێ دەرئەنجامی وڵاتێك بێ کە بە هۆی لەبار نەبوونی بارودۆخی ژیان، خەڵکەکەی ناچار کردووە بە شێوەی گرووپگەلی بچووك لە شوێنە لێك دابڕاوەکان بژین و ئەو ژیانە گرووپییە دابڕاوانە بۆتە هۆی جیاوازییەکانی فۆلکلۆر و شێوازگەلێکی جۆراوجۆری لەودا بەدی هێناوە، ئەگەرچی گەلێك چیرۆك و ژانری هاوشێوە و هاوبەشییش لە نێو ئەماندا ئەبینرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، گەلێك جیاوازیی کەلتووری لە نێوان کوردەکان و دراوسێکانیان ـ وەك تورکمانەکان، مەسیحییەکان، عەرەبەکان، تورکەکان و فارسەکاندا هەیە و تا کاتێك کە ئەم جیاوازییانە هەیە، فۆلکلۆر بە شێوەیەکی نەپساوە و بەردەوام لەحاڵی گۆڕان و ئاڵوگۆڕدایە. هەروەها گۆڕانکاری لە فۆلکلۆردا رەنگە لە لایەن بێژەر، وەگێڕ یا بیسەرەکانییەوە دروست بێ. سەرەڕای ئەوانە دەتوانین بڵێین، ئەوەی دەخوێندرێتەوە و پێشکەش دەکرێ، لەگەڵ بابەتی سەرەکیدا پەیوەندییەکی گونجاوی هەیە و بێژەرانی چیرۆکێکی فۆلکلۆر، هەر لە بنەڕەت ڕا بابەتێك هەڵدەبژێرن کە لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاو بێ و بە دڵنیاییشەوە بیسەرانیش هەر ئەو شتە هەڵدەبژێرن کە حەزیان لێیەتی و کاریگەریی لەسەریان دەبێ.

باوەڕەی سوننەتی و میراتی فۆلکلۆری هەر کۆمەڵگایەك، بە تێپەڕینی کات گۆڕانێکی زۆری بەسەردا دێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو شتانەی وا باس کرا. ئەگەرچی ناتوانین بڵێین بە گشتی دەگۆڕێ، بەڵام ئەگەر چاپ نەکرێ و نەگوازرێتەوە (بۆ بەرەکانی داهاتوو) بە تێپەڕینی کات لە بیر دەچێتەوە و لەناو دەچێ و یا لانیکەم ناتوانێ لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگادا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ.

لە کوردستان، فۆلکلۆر و ئافرەت، پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە. لە راستیدا ئەوە ئافرەتەکانن کە لە گۆرانی و چیرۆکەکاندا قسەی یەکەم دەکەن و هەروەها بگێڕەوەی شێوەکانی تری فۆلکلۆریشن. ئەو رۆڵە بەرچاوەی ئافرەتان، بە تایبەت لە رابردوودا، دەربڕی زاڵ بوونی ئافرەت بەسەر داب و نەریتەکانی پیاو و دەرخەری گرینگی و رۆڵی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بووە.

راڤە و تێگەیشتنی ئەو بابەتە گەلێك پرسیار دێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە ئەگەر ئێمە یا لە کۆمەڵگادا رۆڵی ئافرەتان و پیاوان وەك یەك دانێین، یاخود دەنگی راستەقینەی ئافرەتان لە فۆلکلۆری کوردیدا ببینین، ئاخۆ ناتوانین قەبووڵی بکەین کە ئەو وتەگەلەی پیاوانیش دەریاندەبڕن، لەو بوارەدا رۆڵێکی گرینگ دەگێڕن؟ ئەگەر وابێ، چۆنێتیی ئامادەیی پیاوان لە ناو فۆلکلۆری کوردی دێتە بەرباس و پەیوەندیی نێوان فۆلکلۆر و کۆمەڵگا زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆزە. فۆلکلۆر رەنگە باس لە کۆمەڵگایەکی راستەقینە یاخود کۆمەڵگایەکی ئایدیال بکا. کاتێك ئێمە لە رۆڵی ئافرەتان لە ناو فۆلکلۆردا دەکۆڵینەوە، بە پێویستی دەزانین ئەو پرسیارە بێنینە گۆڕێ: بە راستی فۆلکلۆر هی کێیە؟

سوننەتە راستەقینە و بەرهەستەکان رەنگە لە سەرەتاوە بۆ کەڵك وەرگرتنی هەردوو رەگەزی ئافرەت و پیاو دروست بووبن و لەگەڵ ئەوەشدا نابێ رۆڵی خەیاڵ لە فۆلکلۆردا پشتگوێ بخەین. ناوبانگی جیهانیی ئەو چیرۆکانەی قارەمانەکەیان بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکی زێدەوێژییانە بەسەر دوژمنەکەی دا زاڵ دەبێ، ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

پەنابردن بۆ شا و شازادەکان و مەزن و میران، کە کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکانن و هەمیشە لە خۆشی و ژیانی بریقەداردا دەژین و ئەو بینەرانەی هیچکات ناتوانن تەنانەت بیر لە هەبوونی وەها سامان و ئاسوودەییەك بکەنەوە، وەك حەزی لەبن نەهاتووی چینی ناوەندیی ئەورووپایە بۆ خوێندنەوەی گۆڤار و سەیر کردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان کە ئەوان دەخاتە ناو خولیای شیرینی سامان و ناوبانگ. جگە لەوەش نابێ لە بیرمان بچێ کە زۆربەی هەرە زۆری شێوازەکانی فۆلکلۆری دێرینی کوردان، باس لە شێوەگەلێك لە ژیان دەکا کە بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان بۆ هەمیشە لەناو چوون.

بە دڵنیاییەوە هێنانە ئارای باسێکی فرەلایەن و گشتگیر لەمەڕ هەموو رەهەندەکانی فۆلکلۆر، لەم وتارەدا ناگونجێ بەڵام هەوڵ دراوە تیشك بخرێتە سەر هێندێك لە لایەنەکانی. بۆ وێنە لەم وتارەدا، رۆڵی ئافرەتانی کورد و چۆنێتیی ئامادەیی ئەوان لە ناو فۆلکلۆردا دەخەینە بەر باس و پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لەم وتارەدا پەیوەندیی نێوان فۆلکلۆر و کۆمەڵگا، لە نێوان گرووپە لێك دابڕاو و جیا لە یەکەکانی ناو کوردستان، ناخرێتە بەر باس. بەڵام بە ناچار لەو بابەت و رووداوانەی لە سەرانسەری ئەم وڵاتە بەرینەدا روو دەدەن کەڵك وەردەگرین و بە پێی ئەویش دەتوانین بە دەرئەنجامێکی گشتی بگەین. لەم وتارەدا سێ بابەت دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. یەکەم: رۆڵی ئافرەتان لە گۆرانییەکاندا. دووهەم و سێهەم: گۆڕانکارییەکان و هەستەکان لە فۆلکلۆری کوردیدا.

ئاواز و گۆرانیی فۆلکلۆر کە پێدەچێ لە هەموو ئەو ناوچانەی بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن بوونی هەبێ، نموونەیەکە لە چۆنێتیی خەیاڵسازی لە لای ئافرەتان و ئامادە بوونیان لە ژانرێکی تایبەتدا. ئەم شێوازە، باسی رووداوە راستەقینەکان و خەڵك دەکا. ئەو بابەتانەی باسیان لێ کرا، لە پێشەوە و لە سەرووی هێندێك لایەنەکانی تری فۆلکلۆرن. پرسیارێك کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە بە راستی ئێمە چۆن دەتوانین پێناسەیەك لە فۆلکلۆری زمانی کوردی بخەینە بەر دەستی بیسەرەکانی؟ خستنەڕووی پێناسەیەکی وردتر و گشتگیرتر، دەتوانێ هەم بۆ ئەورووپییەکان و هەم بۆ ئەو کوردانەی لە شارەکان و دوور لە کۆمەڵگا بچووکە گوندییەکان ـ کە زۆربەی گۆرانی و چیرۆك و یەکەم دەربڕینەکان لەوێوە سەریان هەڵداوە ـ دەژین، بەهرە و قازانجی هەبێ.

ئێمە نەك هەر دەبێ خودی وشەکان و شێوەی دەربڕینیان لە ئاخاوتندا لەبەرچاو بگرین و سەرنج بدەینە واتا باوەکانی ئەم وشانە، بەڵکوو پێویستە تەکنیکەکانی دەربڕین و بارودۆخی دەربڕین و شوناسی وەگێڕ و بێژەریش لەبەرچاو بگرین. بەرهەستترین و دروستترین و وردترین پێناسەیەك کە دەتوانین بۆ وشەی ژانر(شێواز) لە پێشکەش کردن و دەربڕینی فۆلکلۆر بە شێوەی زارەکیدا بیخەینە روو، چۆنێتیی دەربڕین و بەڕێوەبردنێتی. ـ ئەوەش خۆی کاریگەریی هۆکارە دەرەکییەکانی بەسەرەوەیە ـ کە شێوەی دەربڕینیشی دەبێ وەك ئەو دەقەی دەریدەبڕین بەهێز بێ. هەر بەو پێیەش دەبینین خستنە رووی پێناسەیەکی راستەقینە لە ژانری فۆلکلۆر نامسۆگەر نییە. ژمارەیەك لە کۆمەڵگا گوندییەکان، رەنگە بۆچوون و پێناسەگەلێکی زۆر شەفافیان لە مەڕ چۆنێتی و سنووری نێوان ژانرەکان هەبێ. ئەگەرچی ئەوان ژانر وەك دەستەواژەیەك لە هەناوی فۆلکلۆردا ناناسن. بۆ وێنە لە سەرانسەری کوردستاندا، شینگێڕی بۆ مردوو تەنیا لە لایەن ئافرەتانەوە بەڕێوە دەچێ، ئەگەرچی رەنگە یاساگەلی چاوەدێریی زۆر وردبینانە، کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەچوونی رێوڕەسمەکە هەبێ.

شێواز و ژانرە جیاوازەکان، بە شێوەی جۆراوجۆر بەکار دەبرێن و پەیوەندیگەلێکی جیاوازیشیان لەگەڵ ژیانی راستەقینە هەیە. بۆ وێنە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشنینیان لەمەڕ کێشەی نێوان بووك و خەسوو هەیە و دەتوانین وای لێ تێبگەین کاتێك بووك دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی مێردەکەی، هەست بە بەختەوەری و خۆشحاڵی ناکا. پەندێکی پێشینیان هەیە کە دەڵێ: "بوومە بووك، بوومە بەربووك". ئەو جۆرە قسانە، کلێشەیەکی ناسراون کە هەر کەسێك دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێ. بۆچوون و پەیامەکان لە هەناوی ئەو پەندانەدا حەشار دراون و مێشکی بیسەران، بە سەرنجدان بە ناسیاریی خۆی لەمەڕ کۆمەڵگا و لە ژێر کاریگەریی هۆکارگەلێکی تردا، پاژەکان دەخاتەوە سەر یەك و تەکمیلی دەکا.

هەڵبەت هەموو پەندێکی پێشینیان ناتوانێ دەربڕینێکی راستەقینە لە چوارچێوەی وشەکاندا بێ. بۆ وێنە زۆربەی کوردان پێیان وانییە کە بووك خەمبار و نابەختەوەرە. هێندێکیش لەم پەندانە، بۆچوونێکی کەسێنی بە شێوەیەکی نارۆون و بە کەڵك وەرگرتن لە چەند وشەیەك، لە مێشکی خوێنەردا ساز دەکەن. ژمارەیەك پەندی پێشینیانیش هەن کە بە شێوەیەکی کلێشەیی باس لە کێشەکانی ئافرەتان دەکەن و لە ئەنجامدا دەبێ بڵێین هەبوونی کەسانی ئاگا و شارەزا بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو پەندانە لە کوردستان، پێویستییەکی هەنووکەییە.

پەندی پێشینیان وەك شێوازێکی تایبەتی دەربڕینی راستی دێتە ئەژمار و هێندێك شێوازیش هەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناچنە خانەی شێوازی پێشڕەووەوە. کاتێك ئافرەتێك سیمبۆلی چیرۆك یا گۆرانییەکە، زۆربەی کات تێگەیشتن لەوەی ئەو هێمایەی خراوەتە روو تا چەند دیمەنێکی روون لە تاکێکی ناو مێژوو دەخاتە بەر دەست دژوارە و هەروەها ئەو خاڵەش کە ئەو شتەی لە ناو چیرۆك یا گۆرانییەکەدا پێشکەش دەکرێ، چەندە لەگەڵ شێوازی دەربڕینەکە تەبایە. ئەگەرچی زۆربەی شێوازە فۆلکلۆرییەکان لە لایەن فۆلکلۆریستەکانەوە پێشکەش کراون، بەڵام هێشتا بە رادەی پێویست روونکردنەوە و شیکردنەوەیان لەسەر نەکراوە و روونکردنەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکان و بوارەکانی دەکار کردنیان، بۆ خەڵك، زۆر بەجێ و بە قازانج دەبێ.

و لە ئینگلیسییەوە بۆ فارسی: فەریدە فەتاحی قازی

و لە فارسییەوە بۆ کوردی: کامیل نەجاڕی

# تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە ژێر سێبەری هاوپەیمانییەکی تیرۆریستیدا

■ ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

بەڵگەگەلێك لەم دواییانەدا لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسییەدا بڵاو کرانەوە کە دەریدەخەن ڕێکخراوی تاڵیبانی ئەفغانستان کە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەلقاعیدە، گەورەترین ڕایەڵەی تیرۆریستیی جیهاندایە و کۆماری ئیسلامی، گەورەترین دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی هاوپەیمانییەکی ئیسراتیژیکیان پێك هێناوە. دەبێ بگوترێ ئەگەرچی بەو جۆرەی لە ڕاگەیەنەکان بڵاو کراوەتەوە، ڕێککەوتنەکە لە نێوان ئێران و تاڵیبانی ئەفغانستان واژۆ کراوە، بەڵام چوونکە وەك بڵاو کراوەتەوە، یەکێك لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو هاوپەیمانییە، ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لەپەڕ سنوورەکانەوەیە و بە سەرنجدان بەوەش کە سنووری چالاکیی تاڵیبانی ئەفغانستان، نێوخۆی ئەفغانستانە و ئەوە ئەلقاعیدەی پاڵپشتیکەری تاڵیبانە کە سنوورە نێونەتەوەییەکان تێدەپەڕێنێ، کەوابوو دەکرێ بڵێین ڕێککەوتنەکە بەکردەوە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەلقاعیدەدایە. ئەم هاوپەیمانییە دەکرێ ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانە بێ کە لە پێگە و هێزی ئەو دوو لایەنە لە ناوچە و جیهان پێك هاتووە و هەروەها دەکرێ داهاتووی تێروریزمی نێونەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە و ئەوەندەی کە لەم وتارە کورتەدا دەگونجێ، پێشبینی بکەین.

نزیك بە ١١ ساڵ لە کارەساتی تیرۆریستیی ١١ی سێپتامبر تێدەپەڕێ کە بوو بە هۆی گۆڕینی سیاسەتی بەکردەوەی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر تیرۆریزمی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی ڕووخاندنی حکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر لقوپۆپەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە. هێندێ لە کارناسانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، هەر لە پاش هێرشی بەرینی هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان، لەو بڕوادایەدا بوون کە سەرەڕای بوونی چەندین خاڵی سەرەکی و هاوبەش لە نێوان ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامیدا کە سەرەکیترین کە لکو ە ر گر تنیا ن لە تیرۆریزمە، بەڵام لاوازکردنی ئەلقاعیدە، بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە ڕووی تیرۆریستییەوە لێدەکەوێتەوە. ئەم پێشبینییە لە دە ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی بەرچاو وەدی هات و کۆماری ئیسلامیش بە یارمەتیکردنی هاوپەیمانان لە ڕەوتی شەڕیان لە ئەفغانستان و دواتر لە عێراق، لە پێناو هەرچی زیاتر وەدیهاتنی ئەم پێشبینییە هەنگاوی هەڵگرت. بەڵام خەونەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پێناوەدا بوون بە بڵقی سەر ئاو، چوونکە ڕۆژئاوا لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا چاوێکیشی لەسەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بوو و ئەگەرچی لەوانەیە لەو ماوە زەمەنییەدا ئەو خێرایی و لێبڕاوییەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەورەترین بانکی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی پێویست بوون، لە خۆی نیشان نەدابێ، بەڵام بەهەرحاڵ لە ژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ بەرنامە ناوکیی تارانیشدا بێ، زەبری کاریگەری لە پەیکەری ئەو ڕێژیمە وەشاندووە. ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامی وەکوو بەهێزترین جەمسەرەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کە تا دوێنێ و بەتایبەت پێش لە کارەساتی ١١ی سێپتامبر، خەونیان بە لەنێوچوونی ئەوی دیکە و لە ئاکامدا بێڕکەبەربوونی خۆیان لە گۆڕەپانی تیرۆریستیدا دەبینی، ئێمڕۆکە بە هۆی شکستەکانیان لە بەرامبەر ڕۆژئاوا و لاوازبوونی پێگەیان لە وڵاتانی ئیسلامیدا کەوتوونەتە بارودۆخێکی هاوشێوەوە، بارودۆخێك کە پاڵنەری سەرەکییان بووە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئەو دوو جەمسەرە تیرۆریستییە.

ژمارەی کردەوە تیرۆریستییەکان هەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەم لە دەرەوەی ئەم ناوچەیە بە ڕوونی دەریدەخات کە تیرۆریستان، سەرەڕای مانەوەیان لە هاوکێشەکان وەکوو بکەرێکی شوێندانەر، لە هێزیان کەم بووەتەوە. ئەلقاعیدە کە لە ئەفغانستاندا لە ڕێگەی تاڵیبانەوە لە شەڕێکی هەمەلایەنە دژ بە ڕۆژئاوایە، خۆی لە تەنگانەدا دەبینێ و بەڕێوەچوونی چەندین ئۆپەراسیۆنی بەرینی هێزەکانی ناتۆ لە خاکی پاکستان و ئەفغانستان بە دژی، ئەو ڕایەڵە تیرۆریستییەی خستووەتە هەناسەبڕکێوە. لەو لاشەوە، ڕێژیمی تیرۆریستیی تاران، جگە لە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەری کە شادەمارە ئابوورییەکانی بانکی تیرۆریزمیان کردووەتە ئامانج، خۆی لە گەمارۆی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکادا دەبینێ و لەوە دەترسێ بە لاوازبوونی تاڵیبان و کۆتاییهاتنی یەکجارەکی مەئموورییەتی زۆربەی هێزە سەربازییەکانی ئامریکا لە عێراق، ئەو زلهێزە جیهانییە بەرنامەی دارماندنی حکوومەتی تاران بگرێتە پێش. مەسەلەیەکی زۆر گرینگی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ لاوازبوونی پێگە و هێزی گەورەترین ڕایەڵەی تیرۆریستی و گەورەترین حکوومەتی پشتیوانی تیرۆریزم، سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی لە ناوچەکەدایە. ڕووخانی یەك لە دوای یەکی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە و هاتنەسەرکار یان بەشداریی هێزە میانەڕۆ ئیسلامگەراکان لەو وڵاتانە لە دەسەڵاتدا، لە دوو لایەنەوە دەبێتە هۆی وشکاندنی بەستێنەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم لەو وڵاتانەدا. لە لایەکەوە، دیکتاتۆری کە بەستێنسازی سەرەکی توندوتیژی و دەستبردن بۆ کردەوەی تیرۆریستییە نامێنێ و لە لایەکی دیکەوە، مەیدان بۆ بەشداریی ئیسلامی سیاسی لە دەسەڵاتدا ئاوەڵە دەکرێ و بەمەش پاساو بۆ کردەوەی تیرۆریستی تا نزیك بە نەمان، لاواز دەبێ. ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە ئەوە کەشوهەوای ترس و تۆقاندن و سەرکوتە کە دەبێتە هۆی هەمدیس بەرهەمێنانەوەی ترس و تۆقاندن، کەوابوو ئەوەی لە هاتنەسەرکاریی حکوومەتی خەڵکی و پێکهاتنی سەقامگیری لە وڵاتانی ئیسلامیدا خەساری سەرەکی دەبینێ، تیرۆریزم و ڕێکخراو و حکوومەتە تیرۆریستییەکانە. هەروەها دەبێ ئاماژەش بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەین، شۆڕشێك کە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، شۆڕشی پەیوەندییە گشتییەکانی لەم ناوچەدایە و بۆ خۆیشی هۆکارێکی سەرەکی شۆڕشی سیاسی لەم ناوچەدایە. ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە بە تێپەڕینی کات، ڕیشەکانی تیرۆریزم لە ناوچەدا ویشك و تیرۆریزم لە ناوچەدا بەرەو نەمان پەلکێش دەکات.

بە سەرنجدان بەو ڕاستییانەی بە کورتی و تیتروار ئاماژەمان پێکردن، دەتوانین بڵێین هاوپەیمانیی ئەلقاعیدە و کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی لەوانەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا مەترسییەکی گەورە بێت بۆ سەر بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵام لە درێژماوەدا ناتوانێ پێش بە ڕەوتی لەنێوچوونی ئەو دوو جەمسەرە تیرۆریستییە بگرێ، چوونکە ئەوەی ئێمڕۆکە دەستی پێکردووە، ویشکبوونی ڕیشەکانی تیرۆریزم لە ناوچەدایە.



# «کودتای ٢٨ی گەلاوێژ و ڕۆڵی زلهێزەکان»

■ ڕەحمان ئەمیری

کودتای ٢٨ی گەلاوێژ بە یەکێك لە گرینگترین ڕووداوە سیاسییەکانی دیرۆکی هاوچەرخی ئێران دێتە ئەژمار، لە هەمان کاتدا دەکرێ ئەم ڕووداوە بە سەرەتای بەشێکی زۆر لە ڕووداوە ناخۆش و تاڵەکان لە قەڵەم بدەین. هەڵبەت ئەگەر بمانهەوێت ئاوڕێکی خێرا و پوخت لە هۆکارەکانی ئەو کودتایە بدەینەوە، ناکرێ خۆ لە بارودۆخی ناوخۆیی ئێران و ناوچە و هەلومەرجی سیاسی جیهانی ئەو سەردەمە ببوێرین.

لە ڕووی ناوخۆییەوە، پاش ئەوەی بەرەی نەتەوەیی (جبهه ملی) بە سەرۆکایەتی د.موسەدیق و پاش بەهێزبوونی لە گۆڕەپانی سیاسی و بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران لە لایەن د.موسەدیقەوە، هەوڵی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانی داو و بە واتایەکی دیکە هەوڵی کورتکردنەوەی دەستی هێز و دەوڵەتە بیانییەکانیان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتی ئێران دەدا، بێ شك گرتنە بەری ئەم سیاسەتە لە دوو ڕووەوە لە بەرژەوەندی دوو گرووپ و دەستە دانەبوو، دەستەیەك ئەو خەڵکە خۆجێییە بوون کە بەرژەوەندییان لە دەستێوەردانی بیانییەکاندا دەبینییەوە و دەستەی دووەم خودی دەوڵەتانی زلهێزی ئەو سەردەم بوو کە هێژمۆنی خۆیان بە سەر دەوڵەتانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو وەك عێراق، سووریە و تورکیە و بە گشتی بە سەر ئەو وڵاتانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و ڕووسیەی تەزاری و ئاڵمان و ئوتریش...کە لە نەقشەی سیاسی جیهاندا دەرکەوتبوون، دەسەپاند. لە ڕووی ناوچەییشەوە هەر وەك باسمان کرد لە پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتورییەکان گەلێك وڵاتی تازە لە نەخشەی سیاسی جیهاندا دەرکەوتن و بەشی زۆری ئەو وڵاتانەش ڕاستەوخۆ لە لایەن زلهێزەکان ئەوکاتی پاڵپشتی دەکردن و هێندێك لەو وڵاتانەش کە پێشتر خاوەنی کیانی سەربەخۆ و لەمێژینەی خۆیان بوون، بەڵام لە لایەن خەڵکانی نائاگا و بێ توانا بەڕێوە دەبران و لە هەمانکاتدا گوێڕایەڵ و موتیعی زلهێزەکانی جیهان بوون کە دەشێ بڵێین ئێران یەك لەو وڵاتانە بوو. کەواتە دەرکەوتنی هێزێکی ناوخۆیی یان کەسێك کە نوێنەرایەتیی هزری سەربەخۆخوازی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا بکات لە ڕاستای بەرژەوەندی ناوچەیی ئەواندانەبوو. هەر بۆیە دەرکەوتنی د.موسەدیق و هەوڵەکانی بۆ خۆماڵیکردنی نەوت و جێهێشتنی کورسی دەسەڵات بە شێوەی کاتی لە لایەن حەمەڕەزاشاوە، ئەمە دەبێتە زەنگێکی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا و بریتانیا و لە هەمان کاتدا دەبێتە دەرفەتێك بۆ چالاکبوون و هاتنە ناوەوەی ئاڵمانییەکان لە ئێراندا. لە ڕووی نێونەتەوەییەوە، پێش شەڕی سارد جیهان لەو بڕگە زەمەنییەدا بە سەر دووبەرەی دژ بە یەك دابەش ببوو بەتایبەتی لە دەیەی ٢٠ بۆ ٣٠ی زایینی دوو هێزی فاشیستی هیتلەر و موسولێنی بەردەوام هەڕەشەیان لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی دیکە لە ناوچە جیاجیاکان دەکرد کە هەوڵەکانی ئاڵمانی نازی بۆ جێخۆشکردن لە وڵاتانی عێراق و ئێران لەو قۆناغەدا زۆر بەرچاوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ئاڵمانییەکان پرسی هاوپێوەندی ڕەگەزی ئارییایی ئێرانییەکان و ئاڵمانییەکانیان هێنابووە گۆڕێ. لێرەدا دەبینین هەوڵەکانی ئەو وڵاتانە بۆ بەهێزکردنی بەرەی نەتەوەیی دژ بە وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا و فەڕانسە زۆر بەرچاوە. کەواتە پێویستە بڵێین ڕووداوی کودتای ٢٨ی گەلاوێژ تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی ئێران نەبوو، بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینتردا ململانێ لە نێوان زلهێزەکانی جیهان بوو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لە ئێراندا. هەر بۆیە دەبینین بۆ ئەم کودتایە وڵاتە زلهێزەکان بە وردی پلان بۆ خستنی حکوومەتەکەی د.موسەدیق دادەڕێژن و ئەزموونی سەربەخۆخوازی نەتەوەیی لەو بڕگەیەدا لەبار دەبەن.



# کوردەکان بە دروستکردنی دیوارێکی پۆڵایین گرەوی خۆیان دەبەنەوە

■ موعتەسەم نوورانی

کوردەکان لەگەڵ ئەوەی درەنگتر بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سووریا پەیوەست بوون، بەڵام یارییەکی زیرەکانەیان کرد و باشترین دەسکەوتیان وەدەست هێنا.

لە زاراوەکانی زمانی عەرەبیی عێراق و سووریادا، بە کەسێك کە زۆر لەسەر شتێك پێداەگرێ و کەلەوکێشی دەکا دەڵێن ئەوە دەڵێی کوردە. ڕەنگە ئەوەش لەوەڕا هاتبێ و باشترین ڕاڤەکردنی ئەو قسەیە ئەو بێ کە کوردەکان بۆ ماوەی چەند سەدە لە نێو ئیمپراتورییەکانی فارس، عەرەب، تورك و ڕوسیا خەباتیان کردووە و بەردەوام بوون لەسەر پاراستنی نەتەوەی کورد و شانازییان بە هەستی نەتەوایەتیی خۆیان کردووە و وەك نەتەوەیەکی زیندوو خۆی ڕاگرتووە. ئەوەش ڕەنگە ڕاڤە بکرێ کە بۆ سێ میلیۆن کورد لە سوریا بە شێوەیەکی سەیر، لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ لە لایەن بنەماڵەی ئەسەد زیادتر لە هەموو کەمایەتی نەتەوەکانی تر زوڵم و زۆری لێکراوە و چەوساوەتەوە و حاشا لە بوونی کراوە، بەڵام ئێستا بە دوودڵییەوە دێنە ڕیزی خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد.

هەر کە لە شوێنەکانی تر ناکۆکی و ململانێیەکان بەرەو توندوتیژی ڕۆیشتن بەشێکی زۆر لە شارەکانی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردە لە سوریا تا ئەو جێگای کرا بە شێوەیەکی ئاشتیانە کەوتە دەستی کوردەکان، لە باکووری ڕۆژهەڵات و لە لایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێیی دەستیان بە سەردا گیرا، ئێستا چالاکوانانی کورد دەستیان بە سەر دامودەزگای حکوومیدا گرتووە، کە بریتین لە ئیدارەکانی پۆلیس، پرسگەیان لە هەموو ڕێگاکان دانا وە بە دەوراندەوری هەرێمی ژێردەستی خۆیان بە درێژایی سنووری تورکیادا.

بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ڕێگایەکی زۆریان لە پێشە. ئێستاش هێزەکانی حکوومەتی ناوەندی، شارەکانی قامیشلی و حەسکە، هەروەها فڕۆکەخانەکان و ڕێگە سەرەکییەکانیان بە دەستەوەیە. بەڵام ئەو ئازایەتییە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات بە هەر حاڵ ئەگەر بە نابەدڵیش بێ هاوکاری ئاشکرای دەسەڵاتدارانی سووریی لەگەڵە، ئەوەش لە بەرانبەر ئاکاری ئەو دیوی سنووری سوریایە.

بۆ نموونە تورکیە ئەو کردەوەی پێ خۆش نیە. چەکدارترین و چالاکترین گرووپەکانی ناو سووریا، پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکە (کورتکراوەی پیتی یەکەمیان بە کوردی پ.ی.د) کە لە پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر نزیکە. پ.ك.ك گرووپێکی چەپڕەوە کە گریلاکانی داوای ئۆتۆنۆمی بۆ زیادتر لە ١٠ تا ١٣ میلیۆن کوردی تورکیا دەکەن، کە لە ساڵی ١٩٨٤ لە دژی تورکیا خەباتێکی توندوتیژ بەڕێوە دەبەن، لەو کاتەوە تا ئێستا زیادتر لە ٤٥٠٠٠ کەس لە هەر دووك لا کوژراون. حافز ئەسەد، باوکی بەشار ئەسەد، سەرۆك کۆماری سووریا لەو وڵاتە حەشارەگە و پەناگای ئەمین و ئارامی بۆ درووست کردبوون و لە هەموو بوارێك هاوکاری دەکردن و یارمەتی دەدان.

لەم ساڵانەی دوایی‌دا، لە ناوچەی کوردنشینی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، بە پێشوازیکردنی کوردەکان بە وەرگرتنەوەی وەڵام بۆ دابینکردنی هێندێك لە مافە نەتەوایەتییەکانیان گرژییەکان کەم ببوونەوە. لە کاتێکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراق، هێندێك جار پێشگیری لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکا بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا نەچنەوە ناو تورکیا. بەڵام کێشەی کارەکە لەوەدایە کە کاربەدەستانی پارتی دادوگەشەی تورکیا زۆریان پێ لەسەر نەتەوەپەرستی تورك داگرتووە. بە دوای بەهارێکی بێدەنگ و ئارام، ئەو ماوەیە هێندێك سەربازی تورك لە هێرشەکانی پ.ك.ك بۆ ناو خاکی تورکیا کوژران. ڕێبەرانی تورك بە کەلەڕەقی دەڵێن ئێمە ڕێگا نادەین سووریا مەیدان بۆ پ.ك.ك ئاوالا بکا و ئەو ناوچەیە ببێتە مەیدانی چالاکییەکانی پ.ك.ك. هێزێکی یارمەتیدەری زۆری هێناوەتە سنووری سووریا.

هەروەها تورکیا ئەحمەد داوود ئۆغلوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی ناردە هەولێر بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێزدار مەسعوود بارزانی، سەرۆك حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمنییەتی سیاسی و ئابووریی گەشەسەندویی ٥ میلیۆن کوردی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی ڕوو لە گەشەی پێ بەخشیوە، ئەوەش کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئەو بەشەی کوردستان کە ئەوان پێی دەڵێن ڕۆژئاوای کوردستان، داناوە. لە سەرەتای مانگی ژوئیە، ڕێزدار مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ خۆی لە هەولێر هەم حیزبەکانی کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردیان پێکهێناوە و هەم پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی لە دەوری یەك کۆ کردەوە و ئەنجوومەنی باڵای کوردیان پێك هێنا. لانیکەم بە نووسراوە بڕیاریان دا کە پڕوپاگەندە لە دژی یەك ڕابگرن، ناکۆکییەکانی چەندین ساڵەیان وەلا بنێن و ڕێگا خۆش بکرێ بۆ پێکهێنانی فەرمانڕەواییەکی ناوخۆیی.

کوردەکانی سووریا لە بواری جوغرافیایی کەمتر بە سەر یەکەون بەڵکوو لە چەند ناوچەی جیاجیادان، بە پێچەوانەی براکانیان لە باکووری عێراق کە لە بواری جوغرافیاییەوە هەموو بە سەر یەکەون. لەگەڵ ئەوەش بەشێکی هەرە زۆری کوردەکان لە سووریا لە شارە گەورەکانی حەلەب و دیمەشقدا دەژین. سیاسەتی دەیان ساڵەی دووبەرەکی نانەوە حکومەتکردن (تفرقە بینداز و حکومت کن) بە هۆی حکوومەتی ناوەندی، هەروەها نکۆڵیکردن لە هاووڵاتیبوونیان و تەنانەت نەدانی ناسنامەی باری کەسییەتی بە سەدان هەزار کەسیان لە هەموو مافێکی هاووڵاتی بێبەش کراون، لە بواری نەتەوەیی بە توندوتیژی دایانپڵۆسیون و بە هەموو شێوەیەك بەربەستی ئایینی و زمانییان بۆ پێك هێناون.

کە سووریا تووشی شەڕی ناوخۆیی بوو، دووبەرەکی بەهێزتر و قووڵتر بۆتەوە. هێندێك لە گرووپە کوردەکان بڕیاریان دا بە شێوەیەکی بەربڵاوتر هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکەن. پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك زۆر بە توندی و بێبەزەییانە بە هەڵخەڵەتاوی نەتەوەپەرستی عەرەب یان بە دەسرۆکەی دەستی تورکانی تاوانبار کردن. ئەوانیش پارتی یەکیەتی دێموکراتیکیان بە دەزگای جاسووسی حکوومەتی سووریا تاوانبار دەکرد، پێیان وابوو کە بۆتە نەقیزە بە دژی تورك، تا ئێستاش بۆچوونەکان ئاوا دەچنە پێش کە ئەوە شتێکی سەرسووڕهێنەرە و مقاماتی ڕەسمی حکوومەتی سووریا ناوچە کوردییەکانی ڕادەستی کوردەکان کردووە کە بۆ خۆیان، خۆیان بەڕێوە بەرن. لە ئاکامدا تا ڕادەیەك کوردەکان ئامادە نەبوون پشتیوانی لە گرووپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکەن و لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی دژی ڕێژیمدا بەشداری بکەن.

بەڵام هۆکاری دیکەش هەیە کە کوردەکان بێدەنگن. وەڵامنەدانەوەی دوژمنانی ئەسەد بۆ ئەوە کە ئامادە نەبوون کورد وەك نەتەوەیەك بناسن، کوردەکانی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان یەکیان گرتووە. لە بەرانبەردا، بۆ ئەو بە دژی ئەسەد بەشداری شەڕ بکەن، دەیانهەوێ ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوی گەرەنتی بکا کە لە داهاتووی سووریا و ڕێژیمی دوای ئەسەددا مافەکانی نەتەوایەتییەکانی کوردەکان دابین بکرێ. بە تەواوی بە هۆی بە دەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایی ناوخۆیی، کوردەکان بە درووستکردنی دیوارێکی پۆڵایین گرەوی خۆیان دەبەنەوە. تەنانەت ئەگەر بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵاتیش بمێنێتەوە، پێیان قەرزدارە بۆ ئەوەی شەڕیان لەگەڵ نەکرد. لەو معاملەدا بەشار ئەسەد دۆڕاندی کوردەکان حکوومەتێکی ئۆتۆنۆمی زیادتر وەك حکوومەتی هەرێمی کودستان، لە ناوچەی خۆیاندا دروست دەکەن.

سەرچاوە:
www.economist.com

# «کلووپی تیرۆر» شانۆسازییەکی دیکەی واواک

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

ڕێکەوتی ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩١ی هەتاوی لە کاناڵ یەکی تلویزیۆنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی فیلمێکی لە ژێرناوی «کلووپی تیرۆر» بڵاو کرایەوە. ئەو فیلمە ڕاپۆرتێك بوو لەسەر چۆنیەتیی کوشتنی تەم و مژاوی چوار کەس لە زانایانی فیزیکی ناوکی و چۆنیەتیی گیران و قۆڵبەستکرانی ئەو کەسانە، کە تێیدا ئیعتراف و دانپێدانانی کۆمەڵێك ژن و پیاو «٦ ژن و ٨ پیاو» سەبارەت بە تێوەگلانیان لە کوشتنی چەند زانای ناوکی و هاوکاریکردنیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بڵاو کرایەوە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی سیستمی دەسەڵاتداری خۆیدا بە دەیان نموونەی لەو شێوە شانۆسازییە لە کارنامەی ڕەشی خۆیدا تۆمار کردوە، هەر بۆیە فیلمی کلووپی تیرۆر شتێکی تازە و نوێی نیە. هەروەها گەلانی ئێران بە باشی لە مەبەست و ئامانجی ڕێژیم لەم شانۆسازییانە گەیشتوون، چونکە ئەم شێوە پڕۆژەگەلی واواك لە بەکارهێنان و ئیعتراف وەرگرتن لە ژێر ئەشکەنجە و ژوورە تاکەکەسییەکاندا لە زیندانیان و چالاکانی سیاسی لە کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕێژیمدا لە لایەك بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی وەلی فەقیە و سەرکوت و کپکردنی هەر جۆرە دەنگی ناڕەزایەتی گەلانی ئێران بە ئیعدام و زیندان و وەپاڵدانی تاوانی سیخوڕی بە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران و لە لایەکی دیکەوە فریودان و بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتی گەلانی ئێران لە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێرانە.

هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئێستا لە ئاستی کارگوزارانی باڵای خۆیدا تووشی لێکترازانی بووە و لە ژێر گەمارۆی هەمەلایەنەی نێونەتەوەییدا پشتی چەماوەتەوە هەر بۆیە مودیرانی واواك بۆ مانەوەی ڕێژیمی وەلی فەقیە لە دەسەڵاتدا، بەو باوەڕە گەیشتوون کە قەیران خوڵقاندن، شانۆسازی، ئاژاوەنانەوە، لە دەستەبەرکردنی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا شوێندانەر دەبێ. بە باوەڕی ئەوان، ئێعدام و زیندانیکردن بە وەپاڵدانی تۆمەتی سیخوری بە جیابیران و چالاکانی سیاسی نەتەوەکانی ئێران، باشترین و شیاوترین مکانیزمە بۆ گەیشتن بە مەبەستە گڵاوەکانیان.

دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە تۆمەت وەپاڵدانی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران و تاوانبارکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئازەربایجان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بگات، چونکە گەلانی ئێران و وڵاتانی دێموکراتیك زۆر باش لە شانۆسازییەکانی ڕێژیم ئاگادارن.

ئەوەی لێرەدا وەك هەمیشە جێی گومان و تێڕامانە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگای ئێران لەم شانۆسازییەی ئەم جارەی واواك وێدەچێ دوو شت بێ.

یەکەم: جیاوازی قسەی دەستبەسەرکراوەکانە، هەم لە شێوەی بەیانکردنی ڕووداوەکە و هەم لە شێوەی پێوەندیکردنی ئەو گیراوانە بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل، کە بە ڕوونی دیارە ئەو کەسانە لە ژێر ئەشکەنجەدا دانیان بە تۆمەتی وەپاڵدراویان داهێناوە.

دووهەم: لە لایەنی حقووقییەوە، ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاست دەکات، بۆ دۆسییەی ئەو گیراوانە ناداتە دادگا نێونەتەوەییەکان بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی لەم شانۆسازییەدا تۆمەتبار کراون لە بەرانبەر بیروڕای گشتیدا وەڵامدەر بن.

بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە خۆی زیاتر لە هەر کەس دەزانێ ڕاست ناکات، خۆ لە هەر هەنگاوێکی جیا لە تۆمەت لێدان دەبوێرێ و تەنیا خۆی پیلان دادەڕێژێ، شانۆسازی وەڕێدەخات، دەگرێ و تۆمەت لێدەدا و خەڵکی دیکە بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕاستییەکان بە دور رادەگرێ.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ دوابەدوای وتەکانی ئەم دواییانەی ناتق نووری لەمەڕ کێشەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیم، سەعید قاسمی، یەکێك لە سەردارانی سپای پاسداران گوتوویە: «ئەوە بۆ ئێمە بەس نیە کە ناتق نووری درێژە بەم قسانەی بدات تەنیا بە پاڵپشتیی ئەوەی کە لە دەفتەری ڕێبەریدایە، ئەگەر درێژە بدات، حیزبوڵلا بە شێوەیەکی فەرمی هەوسار دەپچڕێنێت و هێرش دەکاتە سەری».

نەمانزانیبوو هەوسار پچڕاندنیش شێوەی فەرمی و حوقووقی و یاسایی خۆی هەیە، پێمان وابوو هەوسار تەنیا لە دوو حاڵەتدا دەپچڕێت: ١ـ کەر بەهێز بێت ٢ـ هەوسار کۆن بێت. ئێستا وا دیارە هەوسار پچڕاندنیش پرۆسەیەکی سیاسیی قۆناغ بە قۆناغە کە حیزبوڵلا لە ڕەوتی ڕوولە کامڵبوونی خۆیدا دەبێ پێی بگات. هەڵبەت نازانم حیزبوڵلا کەی هەوساری لە مل بووە کە ئێستا دیهەوێ بیپچڕێنێت؟ جاران کە تورموزیان دەبڕی، لانیکەم بە سەر میندا دەچوون، ئێستا کە گوریس ڕایان ناگرێ بڵێی لە کام لێڕەواری سەوز تووشی گورگ بن؟ هەڵبەت پێم وابێ گوریسی ڕووسی کە تا ئێستا ملی سەردارانی سپای لە شوێنی خۆی ڕاگرتووە، لە دەستی سەعید قاسمی و ئەوانی دیکەدا نیە کە بتوانن بیپچڕێنن. کاك پووتین بۆ خۆی دەزانێ لە کام بازاڕی ئاژەڵان بیداتە دەستی قەساب.

ـ پاش ڕوودانی بوومەلەرزەی کارەساتباری ئازەربایجان، تەلەفزیۆنی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی گاڵتەجاڕی «خندەبازار»، ئەویش ٣٠ کاتژمێر پاش بوومەلەرزە سووکایەتییەکی ئاشکرای بە خەڵکی ئازەربایجان و قوربانیانیی کارەسات کرد. لە وەڵامی ڕەخنەکاندا « سەید تەقی سۆهرابی» بەڕێوەبەری گشتیی پێوەندییەکانی دەنگ‌وڕەنگی ڕێژیم ڕایگەیاندووە: «بەرپرسانی کاناڵی ٣ ئاگایان لە ڕوودانی بوومەلەرزە نەبووە، بۆیە ئەو بەرنامەیان بڵاو کردۆتەوە».

شایانی باسە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو گاڵتەجاڕییەدا، کارەساتی بوومەلەرزەی ئازەربایجان، شانبەشانی ڕووداوەکانی سووریە لە ڕۆژەڤی هەموو باسە میدیاییەکانی جیهانیدا بوون. هەڵبەت قەیناکا، چوونکە لە سووریەش بۆ خۆتان دەزانن هیچ خەبەرێك نیە و تەنیا هەواڵ، دابەزینی نرخی گۆشتی قەل لە بازاڕەکانی دیمەشقدایە و هیچی دیکە. لە بیرم نەچێت هەواڵی گرینگتر لەچکە لەسەرکردنی ئانجلینا جوولی بوو کە دەبێ بایەخی پێ بدرێت. دایکی سەرکۆماری سیەرالئۆنیش کە عومری دا بە خوێنەرانی جووت حەوت و دنیایەك حەسرەت و پەژارەی بۆ دڵی سەرکۆمار و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە جێ هێشت.

# رادەستکردنی زارۆکستانەکان بۆ لێژنە ئایینیەکان

■ فاتێح ساڵحی

بە پێی گوتەی بەرپرسانی ڕێکخراوی بێهزیستی کۆماری ئیسلامی لەمەبەدوا مۆڵەتی دامەزراندنی زارۆکستانەکان دەدرێتە لێژنە ئایینیەکان و مزگەوتەکان. هاوکات هەزاران راهێنەری زارۆکستانەکان لە دژکردەوە لە هەمبەر ئەم بڕیارە و داهاتووی نارۆونی خۆیان دەنگی نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ڕێژیمی تاراندا بەرز کردووەتەوە.

بە پێی ڕێکەوتننامەیەك کە لە نێوان ڕێکخراوی بێهزیستی و «لێژنە ئایینیە گەروەکان» بەستراوە، لەمەبەدوا لێژنە ئایینییەکان، زارۆکستانەکان بە «لێڕوانینێکی ئایینی» پێك دێنن. موحەممەد نەفەرییە، جێگری کاروباری کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی بێهزیستی رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری ئیسنادا رایگەیاند: «فێرخوازە ئایینیە ژنەکان و لێژنە ئایینیەکان دەتوانن زارۆکستان دابمەزرێنن و لێڕوانینی ئایینی ئامانجی نوێی ڕێکخراوی بێهزیستییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان هەر لە سەرەتای منداڵی و لە قۆناغی زارۆکستانەوە.» لەم پێوەندییەدا جگە لەوەی کە بە دەیان هەزار راهێنەری زارۆکستان کە پێشتر بڕیار بوو لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکاریدا دابمەزرێن، لە کار بێکار دەبن و داهاتووی پیشەییان تووشی نارۆونی دەبێت، پرسێك کە زۆر گرینگترە خستنە بەر باسی ئامانجەکانی ئەم بڕیارە نوێیەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە دەیانهەوێ هەر لە قۆناغی منداڵییەوە و پێش لە چوونی منداڵەکان بۆ قوتابخانە فەرمییەکان بوار بۆ شوشتنەوەی مێشکی منداڵەکان بە پروپاگەندە ئایینییەکان خۆش بکەن. ئەمانە هەمووی لە کاتێکدایە کە لە ساڵی رابردوودا گەلاڵەی جیاکردنەوەی رەگەزی منداڵانی کچ و کوڕ لە زارۆکستانەکان رۆیشتە خانەی جێبەجێکردنەوە و ئەمساڵیش بە رادەستکردنی زارۆکستانەکان بە مزگەوتەکان و بیاڤە ئایینیەکان، پیلانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردن و چەواشەکردنی چەمکە فێرکارییەکان و شوشتنەوە و نێوبەتاڵکردنی مێشکی منداڵان بۆ سڕکردنیان لە قۆناغی مێرمنداڵیدا، رواڵەتی راستەقینەی خۆی پیشان دا.

بەڵام لە راستیدا ئەم بڕیارە دژێوە لە حاڵێکدایە کە پێی پەیماننامەی جیهانی مافەکانی منداڵان رادەستکردنی قوتابخانەکان و بە تایبەت زارۆکستانەکان بە شوێنە ئایینیەکان و تەنانەت پەروەردەی ئایینیی منداڵەکان تا تەمەنی ١٥ ساڵی بە تەواوی قەدەغەیە و زارۆکستانەکان دەبێ لە کەشوهەوایەکی ئازادانەدا منداڵەکان بۆ رۆیشتن بۆ قوتابخانەکان ئامادە بکەن.

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە زارۆکستانەکان باشترین دەرفەت بۆ فێرکاری سەرەتایی زۆرێك لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە دەکەن. چەمکگەلێك وەك «لەبەرچاو گرتنی مافی کەسانی دیکە»، »ڕێکوپێکی و نەزم»، «دادوەری»، «وەفاداری کۆمەڵایەتی» و «هاوکاری» لە چوارچێوەی کایەگەلێکی ئاسان و ساکار یەکێك لە ستراتیژییە چاکە فێرکارییەکانە کە دەبێ لە زارۆکستانەکاندا بەڕێوە بچێت و راهێنەری زارۆکستان بە توانا و داهێنانی خۆی هەوڵ بۆ جێگیرکردنی ئەم چەمکانە لە مێشکی منداڵاندا بدات. بەڵام بەم بڕیارەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا ئەم چەمکە مرۆییانە لە مێشکی منداڵاندا پەروەردە ناکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانە بە پێی وانە ئایینیەکانی مەزهەبی شیعە، تۆڵەئەستاندنەوە و شەهادەتخوازی و کرووزانەوە لە ئیمامان و چاوەڕوان بوون لە مێشکی منداڵاندا پەروەدە دەکرێت و ئەمانەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە زەینی پرسیارخوازی منداڵەکان بە ترساندن و تۆقاندن لە دۆزەخ و مێتافیزیك هەر لە قۆناغی پێش قوتابخانەوە دابمرکێنن و دەروونی سەرکەشیان لە قۆناغی مێرمنداڵیدا تووشی خەمساردی و سەرکزی بکەن تا لە تەمەنی لاویشدا هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر کاربەدەستانی ڕێژیم نەبێت. رەنگە ئەمانە هەموویان دەرەنجامی ئەو نارەزایەتیدەربڕینە بەربڵاوانە بن کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لاوان و گەنجانی ئەم وڵاتە پێشەنگی بوون و بە درێژای مێژوو پیشانیان داوە کە لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا ئامادەن گیانی خۆیان بۆ گۆڕینی سیستمە دیکتاتۆرییەکان بەخت بکەن. بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم هاتوونەتە سەر ئەم بڕوایە کە بۆ پارێزراوبوون لە هەمبەر شەپۆلی تووڕەبوون و هەڵچوونی لاوانی وڵاتدا هەر لە قۆناغی منداڵی و لە زارۆکستانەکانەوە زەینی منداڵانی ئەم وڵاتە بەلاڕێدا ببەن و لە ڕێگەی سەرەکی فێرکاری و چەمکە فێرکارییە بنەڕەتییە مرۆییەکان دووریان بخەنەوە.

روونە کە زارۆکستانە سەرکەوتووەکان، ئەو زارۆکستانانەن کە لە منداڵاندا ورەی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن پێك دێنن، پەروەردەی دەکەن و پەرەی پێ دەدەن. بەم پێیە منداڵەکان لە زارۆکستانەکاندا لە ڕێگە فێرکاری ناڕاستەوخۆ بە پێی هێما فێرکارییەکان و مێتۆدە نمایشییەکان فێری ئەوە دەبن کە لە هەمبەر هەر دیاردەیەکی نوێدا کە دەیبینن پرسیار بکەن و لە هیچ شتێکی باش سڵ نەکەنەوە. ئەم حاڵەتەش کارێکی وا دەکات کە زەینی منداڵ بۆ فێرکاری راستەوخۆ و فەرمی لە قۆناغی قوتابخانەدا ئامادە دەبێت و منداڵ بە فێربوونی هەندێك لە وانە کۆمەڵایەتییەکان بەو شوێنە دەگات کە هانەی خۆکونتڕۆڵی لە خۆیدا بەهێز بکات و لە کۆمەڵگادا شوێنی خۆی ببینێتەوە و خۆی لەگەڵ هەلومەرجی دەرەکیدا بە پێی تەمەنی خۆی بگونجێنێت.

بەڵام بە پێی ئەو گەلاڵە نوێیە «خۆکونتڕۆڵی» کە گرینگترین رەمزی سەرکەوتنی زارۆکستانەکان لە پەروەردەکردنی منداڵێکی سالم و تەندروستدایە، شوێنی خۆی دەدات بە «دیترکۆنتڕۆڵی» و بە شێوەیەکی فەرمی سەربەخۆیی منداڵ کە سەرەکیترین هێمای پەروەدەکردنی منداڵێکی پرسیارخوازە دەکەوێتە ژێر پرسیار و بەرەبەرە فەرامۆش دەکرێ و وای لێدێت کە منداڵ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو پرسانەی کە بەپێی تەمەن و قۆناغە جۆرواجۆرەکانی زەمەنی دێتە سەر ڕێگەی، بۆ خۆی وەڵامێکی نەبێت و هیچ کردەوەیەك ئەنجام نەدات و بۆ چارەسەری ئەم پرسانە روو بکاتە مێتافیزیك و پەنابردنە بەر ئیمامەکان و بەها ئایینیەکان. هەموو ئەمانە کارێکی وا دەکەن کە لە ١٠ تا ٢٠ ساڵی داهاتوودا نەوەیەك بێتە ئاراوە کە مێشکیان لە بەها مرۆییەکانی وەك «دادپەروەری»، «ئازادی» و «سەربەخۆیی کەسایەتی» بەتاڵ بێت و گوێ لە مستی و سەردانەواندن لە هەمبەر هێزێکی نادیار وەك هێزە مێتافیزیکییەکان بێنە ئاراوە و پرسیار و پرسیارخوازی کە بنەمای دەسپێکی هەر گۆڕانێکن لە زەینی ئەو نەوەیەدا لەبیر و فەرامۆش بکرێت.



# لاوان و پرسی شووناسی نەتەوەیی لە ئێراندا

■ حیسام ئەحمەدی

وڵاتی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە حەشیمەتەکەی لاوان پێکی دەهێنن و هەر بۆیەش وەکوو وڵاتێکی لاو دەناسرێت، بەو واتایە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە تاکەکانی تواناییان لە ئاستێکی بەرزدایە بۆ هەوڵدان لە پێناو پێشکەوتنی ئەو وڵاتەدا. چوونکە بەو پێناسانەی کە بۆ «لاو» و هەڕەتی لاوێتی دەکرێت و کراوە، تەمەنی لاوێتی وەکوو بەهاری تەمەنی مرۆڤ دێتە ئەژمار و بێگومان لە ئاستی وزە و تواناشەوە بە هێزێکی ئەکتیڤ و چالاکی کۆمەڵگا و هێندێك جاریش بە سەرمایەی دوارۆژی وڵات ناو براون . بەڵام لە دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە وڵاتانی عەرەبی و.. هتد هاتنە ئاراوە، لاوان ئەو راستییەیان سەلماند کە نەك سەرمایەی دوارۆژ بەڵکوو هێزی گۆڕانخواز و پێشەنگی هەر ئاڵوگۆڕێکیشن لە کۆمەڵگادا.

ئەمڕۆ لە ئێران و بە تایبەت لە نێو لاوانی ئەو وڵاتەدا مەسەلەیەك کە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەکەوێتە سەر زمان و بن گوێ، پرسی شووناسی نەتەوەیی و بوونی قەیرانی شووناس لە نێو لاوان و هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانەیە کە هەر کەس و لایەنێك بە شێوەیەکی جیاجیا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. چوونکە پاراستنی شووناسێکی تایبەت و سەربەخۆی نەتەوەیی نەتەنیا بە ئەرکێکی بنەڕەتی بۆ تاك و کۆی نەتەوەکان دێتە ئەژمار بەڵکوو مانایەکی تایبەتیتر و یەکگرتوویەکی نەتەوەیی زیاتر لە نێو کۆمەڵگادا بنیاد دەنێت.

پرسی «شووناس» بابەتێکی باسهەڵگر و خاوەنی لقوپۆپی جیاجیایە، واتا هۆوییەتی مرۆڤ لە گەلێك رەهەندەوە خۆی دەبینێتەوە، «تاکەکەسی، گرووپی، نەتەوەیی، مێژوویی و جووگرافیایی و..» هتد، بەڵام سەرەڕای ئاڵۆزبوونی، وشیاری لەو راستایەدا وەك پێویستییەك بۆ هەموو تاکێك و بەتایبەت لاوان دێتە ئەژمار، چوونکە هۆوییەتی هەر تاك و نەتەوەیەك نیشانەی ناسنامە و شووناسی ئەو تاك و نەتەوەیە و لەنێوچوونیشی بە هەمان شێوە لەنێوچوونی ئەو نەتەوەیە دەسەلمێنێت، کەواتە پێویستە لاوانی ئێران بەگشتی و لاوانی کورد بەتایبەتی سەبارەت بە ناسنامە و شووناسی نەتەوەیی خۆیان ئاستی وشیارییان بەرنە سەر و لە لاوازی و لەنێوچوونی پارێزگاری بکەن.

قەیرانی شووناس و بەتایبەتی شووناسی نەتەوەیی لە نێو تاکەکانی ئێران بەگشتی و لاوان بەتایبەت لە بنەڕەتدا بۆ دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتە، چ لە رابردوو و چ لە ئێستا دەگەڕێتەوە . چوونکە وڵاتی ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هەرکام لە نەتەوەکانیش خاوەنی هۆوییەت و ناسنامەی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی بەمەبەستی لەنێوبردنی بیری نەتەوەیی و بە تایبەت شووناسی نەتەوەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە درووشمی «یەك نەتەوە، یەك زمان و..» بەرز کرایەوە و بۆ جێبەجێکردنی لە هیچ چەشنە پلانێك خۆیان نەپاراست. پاشان و لە ساڵانی ١٣٥٧ی هەتاوی و بە شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی دیکتاتۆری پەهلەوی کە بە بەشداری سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و لە پێناو نەمانی هەرچەشنە هەڵاواردن و ستەمێکی نەتەوەیی و.. هاتە ئاراوە، کەچی لە کۆتاییدا و لە لایەن تاقمێك ئاخووندەوە دەست بە سەر شۆڕش داگیرا و دەسکەوتەکانی شۆڕش بەتاڵان بران و بۆ جارێکی تر مێژوو دووپات بۆوە، حکوومەتێك هاتە سەر کار کە درێژەدەری سیاسەتەکانی ڕێژیمی پێشوو بەڵام بە شێوازێکی دیکە و بە تاکتیکێکی دیکە، واتە بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی خەڵك و بۆ بنیاتنانەوەی « یەك نەتەوە و یەك ئایین و ..» بۆ جارێکی تر پلانی سڕینەوەی هۆوییەتی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە هێزێکی تری بە خۆوە گرت کە تا ئێستاش بەردەوامە.

دسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمانە رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە و هەیە لە بوونی قەیرانی شووناسی نەتەوەیی لە نێو هەموو توویژەکانی کۆمەڵگای ئێران و لاوان بەتایبەتی، چوونکە هەمووکات لە ئیحساس و نیازپاکی خەڵك و بەتایبەت لاوان کەڵکیان وەرگرتووە بۆ پەرەپێدان بە سیاسەت و بۆچوونەکانیان، بۆ وێنە لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ بەو مەبەستەی کە لاوان خاوەنی شۆڕش و هەوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشن، فکر و هۆشی لاوانیان بردە ژێر رکێفی بۆچوون و سیاسەتەکانی خۆیان.

لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەڕەتی لاوێتی بە سەر سێ قۆناغدا دابەش و بە نیسبەت هەر قۆناغێك پێناسەی تایبەت بە خۆیان بۆ کردووە، واتە نەسڵی یەکەم لاوانی سەردەمی شۆڕشی ٥٧ بوون کە شۆڕشیان کرد و کۆماری ئیسلامیش بە بەرهەمی شۆڕشی ناودێر کردن، نەسڵی دووهەم دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق کە لاوان بەشدارییان لە شەڕ حکوومەت کرد و وڵاتیان پاراست و نەسڵی سێهەم لاوانی ئەم سەردەمەن کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ناکارامە و پاسیڤ ناو دەبرێن کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە یەکێکیان پەنابردنی لاوان و نەسڵی سێهەم بۆ کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و ئیمکاناتی سەردەمی وەك ئینتێرنێت و.. کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە فەرهەنگی غەربی و ئەمریکایی ناو دەبرێن و لە شێوازی بیرکردنەوە و تەنانەت پۆشینی جلوبەرگیش ئاڵووگۆڕیان بە سەردا هاتووە و وەك پێشوو ناتوانن ئاخووندەکان فکرییەت و دواکەوتوییان بەسەردا بسەپێنن. چوونکە لە راستیدا پێناسەی کۆماری ئیسلامی بۆ لاوان ئەوە دەردەخات کە ئەوکاتە لاوان بۆ ڕێژیم گرینگیان هەیە کە گوێ لەمستی بۆچوونەکانیان بن و لە راستای بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان تێبکۆشن. هەر چەند کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی حکوومەتەکانی پێشوو ئێستا کاریگەری بووە لەسەر لاوازبوونی هۆوییەت و ناسنامەی نەتەوەکانی ئێران، بەڵام بێگوومان هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی نەتەوەکان و بە تایبەت توێژی «لاو» بە بەشدارییان لە بزووتنەوە رزگاریخوازانەکان ئەو سیاسەتەی ڕێژیمە یەك لە دوای یەکەکانیان پووچەڵ کردۆتەوە کە ئاکامی ئەو کارەش بەچۆکداهاتنی ڕێژیم لە بەرامبەر ئیرادەی بەهێز و پۆڵایینی نەتەوەکانی لیکەوتۆتەوە. بۆیە ئێستا هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام و نەترسانە داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و لاوانیش وەك باقی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا لە پێناو هۆوییەتی نەتەوەییان تێدەکۆشن و سەر شەقام و زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنیان کردۆتە مەیدانی تێکۆشان دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، لە هەمان کاتدا سەرجەم توێژەکانی نەتەوەکان و بە تایبەت نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەوڵی پەرەپێدان بە فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانن و بۆ زیندووڕاگرتنی تێدەکۆشن کە بێگومان بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە کوردستان و پێشوازیکردنی کوڕ و کچانی لاو بە شێوەیەکی بەرچاو لەو بۆنە نەتەوەییە نموونەیەکی بەرچاوی ئەم راستییەیە.



# داهاتووی پەروەردەی ئێران بەرەو کوێمان دەبا؟

■ حەسەن ساڵەح زادە

بە گشتی کاتێك باس لە گیروگرفتەکانی دەزگای پەروەردە دەکەین، لەم بوارەدا دوو کێشەی سەرەکیمان دێتە بەرچاو کە ئێمە بە بەشی ناوەکی و دەرەکی دابەشیان دەکەین. مەبەست لە گرفتی دەرەکی و ناوەکی ئەو کێشانەن کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سیستمی پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە و هەریەك بە جۆرێك لە وزە و ئێنێرژی ئەم دەزگا پڕحەشیمەت و هەستیارە کەم دەکەنەوە. کەوابوو ئێمەش بە پێی توانا و دەرفەت هەر یەك لەم کێشانە دەخەینە بەر سەرنجی خوێنەران.

ـ کێشە دەرەکییەکان: سەبارەت بە گرفتە دەرەکییەکان دەکرێ باس لە هێندێك مەسەلە بکەین وەك، پەرەنەگرتوویی وڵاتانی جیهانی سێهەم (کە ئێرانیش یەك لەم وڵاتانەیە)، گۆڕانکاری بێکۆتایی لە زانست و تێکنۆلۆژی نوێی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و خۆڕێکنەخستنی بەشێك لە وڵاتان لەگەڵ ئەم رەوتە، بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانی خەڵك لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان بە تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی دەستەبەربوونی مافەکانیان، هەروەها تەرخان نەکردنی هەزینەی ئابووریی پێویست بۆ تەیارکردنی قوتابخانەکان لە پێناو کاروباری پەروەردە و راهێنان بەشێکن لەو گرفتانەی کە هێندێك لە وڵاتان و یەك لەوان وڵاتی ئێران لەگەڵیان بەرەوڕوون. ئەوەی ئەمڕۆ حکوومەتی ئێران سیاسەتی پۆلێنکردنی کار و پیشەکان پێڕەو دەکا و بە چاوی ئەمنییەتی بۆ زۆربەی کار و چالاکییە پیشەییەکان دەڕوانێ لە نێو کۆمەڵگا کاردانەوەی خراپی بەدواوە بووە. لە لایەکی دیکەوە دابەشکردنی ناکارناسانەی بوودجەی وڵات بەسەر وەزارەتەکاندا گەلێك ناعادڵانەیە. راگرتنی چینی مامۆستایان لە ژێر هێڵی هەژاری و پێڕانەگەیشتن بە دامەزراوە و ناوەندە خوێندکارییەکان تەنیا بەو بیانووەی کە توانای بەرهەمهێنانی ئابوورییان نیە، بۆچوونێکی قیزەونانە و فریودەرانەیە. لەئارادابوونی ناوەندگەلێکی سەرکوتکەری وەك سپای پاسداران و بەسیج و دەیان ناو و دەستەواژەی گوماناوی دیکە کە ئەندامەکانیان هەر یەك بە جۆرێك بوودجەی وڵاتی کشاندووەتە بەر چنگی خۆی و لە بەرانبەر هیچ لایەنێکی حقووقی و یاساییشدا بەرپرسیار نیە، یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانە. ئەوەی دەیبینین هەر مامۆستایانی ئێمەن کە لە پێناو ویژدانی ئینسانیی خۆیان خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان دەکەن. بە هۆی نزمبوونی ئاستی مووچەی مامۆستایان زۆربەی کەسە وشیار و لێهاتووەکان لە هاتن بۆ نێو دەزگای پەروەردە خۆ دەبوێرن، ئەمەش لە خۆیدا بۆتە هۆی بێ بایەخ بوونی پیشەی مامۆستایەتی.

کاتێك دەمانەوێ باس لە کێشە سەرەکییەکانی نێو سیستمی پەروەردە بکەین، دەبێ وەك ئامانج و قۆناغی کۆتایی ئەم دەورەیە چاو ببڕینە زانکۆ کە ئەویش لە رێگای تاقیکارییەکی سەراسەری ئاڵۆز و پڕ لە کێشە بە ناوی کونکوورەوە دەستەبەر دەبێ. سێبەری قورسی دێوەزمەی کونکووری سەراسەری بەسەر سیستمی فێرکارییەوە، ئامانجەکانی قۆناغی دواناوەندی حەشار داوە. هەڵسوکەوتی ناشیانەی بەرپرسانی ئەم بوارە کێشەکەیانی ئاڵۆزتر کردووە و تا هەنووکە لەم بارەوە نەیانتوانیوە خۆیان یەکلا بکەنەوە و هەڵوێستێکی ئامانجدار بگرن. ماوەی چەندین ساڵە وەزاەتی پەروەردە بە هاوکاری وەزارەتی علووم دەیانهەوێ پرسی کونکوور چارەسەر بکەن و جێگرەوەیەکی گونجاوی بۆ دابنێن، بەڵام هەموو جارێك بە زەبوونییەوە کا کۆنەکە بە با دەکەنەوە و بە هیچ ئامانجێك ناگەن.

یەکێکی دیکە لە کێشە قووڵەکانی بەردەم پەروەردەی ئێران مامەڵەی ناسەردەمیانەی بەرپرسانە لەگەڵ نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکانی ئێران. بێگومان یەکێك لە گرینگترین لایەنەکانی پێناسەی هەر کۆمەڵگایەك پێناسەی نەتەوەیی و ئێتنیکی ئەوانە کە هێندێ جار بە لایەنی ئایینیشەوە تێکەڵاو دەبێ. رەنگدانەوەی هەقیقی و بەجێی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گەلانی دانیشتووی ئێران دەتوانێ وزەی دیاردەی هەست بە جیاییکردن و لەپەراوێزکەوتن لە نێو بازنەی پەروەردەدا لاواز بکا. ئێستا بە داخەوە کتێبە دەرسییەکان کە وەکوو یەکێك لە کەرەسە دیارەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنن، بوونەتە ئامرازی پیلانگێڕانی دەسەڵاتداران و حکوومەتە دیکتاتۆرەکان. رێژیمە داسەپاو و دژی گەلییەکان بە پێی فەرهەنگ و ئیدئۆلۆژیی تایبەتی خۆیان پێداگری لەسەر لایەنێکی تایبەت لە بایەخ دەکەن و بە ئەنقەست لایەنەکانی دیکە دەخەنە پەراوێز و بگرە حاشایان لێ دەکەن. بە واتایەکی دیکە لە ئێرانی بەڵایدراوی ئێمەدا کتێبە دەرسییەکان لە جیاتی ئەوەی هەڵقوڵاوی واقیعی نێو کۆمەڵگا بن، بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی ئیدئۆلۆژی چەقبەستووی تاقمی دەسەڵاتخواز و داسەپاو.

حکومەتی ئەمڕۆی ئێران بۆ خۆی لە هەموان باشتر دەزانێ کە بە چ شێوەیەك مافی گەلانی ستەملێکراوی وڵاتەکەمان ژێر پێ دەنێ و رێگری دەکا لە وشیاربوونەوەی جەماوەر. نوێنەرانی حکوومەت کە پۆستە سەرەکییەکانی نێو پەروەدەیان بە ئاسانی وەك دیارییەك پێشکەش کراوە، بێ ئەوەی لە پێویستیی راستەقینەی کۆمەڵگای ئێران تێبگەن، تەنیا و تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی شەخسی خۆیان دەکەنەوە و مەئمووری جێبەجێکردنی دەستوورەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لە سەرەوە بۆ خوارێن. ئەم تاقمە لە رێگای میدیا پاوانکراوەکانی رێژیمەوە بە هێنانە بەرباسی گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەدە خۆڵ لە چاوی خەڵك دەکەن و پووش بەسەر راستییەکان دەکەن. ئەگەرچی دوایین گۆڕانکاری سیستمی پەروەرد پڕە لە چەواشەکاری و رواڵەتی فریوکارانە، بەڵام دەسەڵاتی ئەهریمەنی کۆنەپەرستی لەسەر بنەمای ریاکارانەی خۆی لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدایە گەلانی ئێران بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە گۆڕانکاریی ئەمجارەیان لەسەر بناغەی زانستی نۆژەن کراوەتەوە و لەگەڵ پەروەردەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان رکەبەری دەکا. تەنانەت لە زۆر جێگا بە منەتەوە باسی دەکەن و بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان بە دەسکەوتێکی نوێ پێناسەی دەکەن.

راستە لە زۆربەی وڵاتان دوو رۆژی کۆتایی حەوتوو، مامۆستاو قوتابیان لە پشوودان دان و ناچنەوە قوتابخانە، بەڵام رۆژانی دیکەی حەوتوو بە درێژایی رۆژ لە قوتابخانەن و تەنانەت مافی ئەوەشیان هەیە بۆ نیوەڕۆژێ لەوێ بمێنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەرفەتی گەشەی زانستی و هزری بۆ منداڵان دەرەخسێ، پێویستە هەر منداڵێك تا تەمەنی ١٦ ساڵ بنێردرێتە بەر خوێندن و دەست کێشانەوە لە قوتابخانە قەدەغەیە و تەواوی پێداویستییەکانی خوێندنیش لە ئەستۆی حکوومەتە بێ ئەوەی خەڵك منەتبار بکا یان وەك کارێکی خێرخوازانە بڕوانێتە مەسەلەکە. بە بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم بنەما سەرەتاییانە لەگەڵ پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە ئاسانی دەردەکەوێ کە پەروەردەی ئێمە تا چ رادەیەك لە مەترسیدایە و زیانبارە. بە پێی گۆڕانکاریی ساڵی خوێندنی رابردوو، قوتابخانەکانی ئێمە پێنجشەممانە دادەخرێن و گۆیا بۆ قەرەبووکردنەوەی کاری ئەو رۆژەش دەبێ بە رۆژەکانی دیکەی حەوتوو کاتژمێرێك زیاد بکرێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە قوتابییانی ئێمە بە شێوەی دوو شیفت یان زیاتر و هێندێك جار شەوانیش بە پاڵەپەستێ جێگەی خۆیان لە قوتابخانە دەکەنەوە. جا بەرپرسانی بواری پەروەردە چۆن ئەم شاکارەیان خوڵقاندووە و لە قوتابخانە چەند شیفتەکان بە هەر شیفتێك یەك کاتژمێریان زیاد کردووە، جێی سەرسوڕمانە! حەلکردنی ئەم جۆرە مەسەلانە تەنیا لە کاربەدەستانی رژیم دەوەشێتەوە و دەبێ هەر بۆ خۆیان بزانن!

> **لە وڵاتی ئێمە حکوومەت نەتەنیا لە بەرانبەر نەخوێندەواری جیدی منداڵەکانمان بەرپرسیار نیە، بەڵکوو تا رادەیەک زەخت و گوشاریشیان دەخاتە سەر کە زەمینەی دەست کێشانەوەیان لە بەر خوێندن بۆ دەرەخسێ و لە قوتابخانەکان هەڵدێن**

بە پێی دوایین گورانکارییەکانی سیستمی پەروەردەی ئێران بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، بڕیارە قۆناغەکانی خوێندن ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و سیستمی ٥،٣،٤ جێگای خۆی بە سیستمی ٦، ٣، ٣ ببەخشێ، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکاندا بێ. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە بە هۆی بێ بەرنامەیی و سەرەڕۆیی بەرپرسان، ئەم پلانەشیان بۆ جێبەجێ نابێ و تووشی قەیرانی زۆرتر هاتوون. کەواتە داخرانی قوتابخانەکان لە رۆژانی پێنجشەممە و گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی خوێندن، وەك گۆڕانکارییەکانی ساڵانی رابردوو لەگەڵ شکست رووبەڕوو دەبن و ئەوە هیچ کە جێگای پێهەڵدان و گەشبینی نین، مخابن جێگای نیگەرانیشن. رەنگە قوتابییان بە گشتی و ژمارەیەك لە بنەماڵەکان ئەم بۆشاییە بە روونی هەست پێ نەکەن. بەڵام لە راستیدا ئەم جۆرە بەرنامەگەلە لە نێو خۆیاندا پووچەڵن و دەکرێ پییان بڵێین لاسایکردنەوەی کوێرانە. ئەگەر سەرەڕۆیی بەرپرسانی بواری پەروەردە بەربەست نەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا دووکەڵی ئەم ناشیکاریانە وڵاتەکەمان لەوە زیاتر بەرەو تاریکی دەبات.

لەم بارەوە بەرپرسیارێتی زیاتر لەسەر شانی مامۆستایانە کە نەچنە ژێر باری هەر پلانێکی نازانستیانە و بە وشیاری لە هەمبەر یاریکردن بە چارەنووسی نەوەی داهاتووی نیشتمانی خۆیان هەڵوێستی شیاو بگرن.

لە وڵاتی ئێمە حکوومەت نەتەنیا لە بەرانبەر نەخوێندەواری جیدی منداڵەکانمان بەرپرسیار نیە، بەڵکوو تا رادەیەك زەخت و گوشاریشیان دەخاتە سەر کە زەمینەی دەست کێشانەوەیان لە بەر خوێندن بۆ دەرەخسێ و لە قوتابخانەکان هەڵدێن. بە پێی ئاماری باوەڕپێکراو، رێژەی منداڵانی سەر شەقام و ئەو منداڵانەی کە دەخرێنە بەر کار و تووشی سەدان کارەساتی نائەخلاقی دەبن، هەتا دێ روویان لە زیادبوونە و ئەم دیاردەیە وەك نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی پەرەی ئەستاندووە. یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بواری پەروەردە، خسووسی سازی قوتابخانەکانە و ئەمەش وەك دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ. دەزگای پەروەردەی ئێران بێ ئەوەی هەست بە مەترسی هەڵاواردن بکا و گوێرایەڵی ویستی چینی هەژار بێ، بانگەشە بۆ قوتابخانە و فێرگە تایبەتییەکان دەکا و بەم کارە نارەوایە مافی خوێندنی لە چینی هەژار زەوت دەکا هەتا چینی بورژوا هەست بە ئاسایشی زیاتر بکا.

لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ئەمڕۆ، حکوومەتەکانی ئێران رۆڵی چاودێری و سیاسەتکاری خۆیان لە دەزگای پەروەدە چڕتر کردۆتەوە و فێرکاری لەم چوارچێوەدا وەکوو چەمکێکی دەوڵەتی ـ سیاسی دێتە ئەژمار، لە ئاکامی ئەم رەوتەدا هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێك لە سەرەوە سەرچاوە دەگرێ. رۆڵی حکوومەت لە بەشەکانی فێرکاری، هاوکات بە بێ بەشداری ئەکتەرە سەرەکییەکانی وەك مامۆستا، قوتابی، بنەماڵە و ناوەندە سەربەخۆکان بە ئەنجام دەگەن. بەم جۆرە حکوومەت و ناوەندەکانی سەر بە دەسەڵات توانیویانە بە شێوەیەکی ئامرانە ویست و سیاسەتەکانی خۆیان لە سەرەوە بە تۆڕی قوتابخانەکاندا بسەپێنن تا لەم رێگایەوە بتوانن جێ پێی کولتوور، گوفتمان، راپرسی و هاریکاریی گشتی لە ناوەندە فێرکارییەکان بنبڕ بکەن.

ـ کێشە ناوەکییەکان: سەبارەت بە کێشە نێوخۆییەکانی نێو سیستمی پەروەدەی ئەمڕۆی ئێران، دەتوانین چاو بخشێنین بەسەر خاڵگەلێکی وەك، شێوازی نەخۆشی هەڵبژاردن (گوزینش) لەمەر دابینکرنی مامۆستا، راهێنان و راگرتنی ناعادڵانەی هێزی کار لە نێو پەروەردە، پاسیڤبوونی هەڵبژاردنی بەڕێوەبەران لە ئاستی قوتابخانە و ئیدارە ناوچەییەکانەوە بگرە تا بەرپرسانی نێو وەزارەتخانە، ناچالاکی لە بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان بە تایبەت لە بواری راکێشانی بەشداربوونی بنەماڵە و مامۆستایان لە پێناو باشتر بەڕێوەبردنی ناوەندە خوێندکارییەکان، لاوازبوونی سیستمی کۆنترۆڵ، لاوازی چاودێری و گرینگیدان بە پراکتیك لە بەرنامە و پلان و گرفتەکان، نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەراوردنەکردن لەگەڵ زانستی رۆژ، هەروەها لەخوارەوەبوونی ئاستی زانستی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و بێ مەیلییان بۆ خۆئەکتیڤکردن لە نێو پۆلەکانی وانەوتنەوە، کزبوونی رادەی مێهرەوانی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە لەگەڵ مامۆستا، قوتابی و بنەماڵەکان.

ئەگەرچی بە ئاسانی دەتوانین دەیان ئاستەنگ و ئاریشەی دیکە لە نێوەوە و دەرەوەی سیستمی پەروەردە بخەینە بەرباس کە بەرۆکی رەوتی فێرکاری سەردەمیان گرتووە، بەڵام ئەگەر دەزگای پەروەردەش هەروا سەرەڕۆیانە بچێتە پێش و چارەسەری کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێگای فێرکاری نەکا و گوێرایەڵی راستییەکان نەبێ، دەبێ هەموان چاوەڕوان بین لە داهاتوویەکی نیزیکدا گەورەترین وەزارەتی وڵات واتە وەزارەتی پەروەردە بەرەو ئاقارێکی نەخوازراو و مەترسیدار بڕوا و پێکهاتەی فرەنەتەوەی کۆمەڵگای ئێران تووشی سەرلێشێواوی زیاتر ببێ.

ـ روانین بۆ داهاتوو: ئەگەر بەرنامەکانی پەروەردە لە بواری بارهێنانی مرۆڤ لە نێو سیستمێکی خەڵکسالاردا بن و گەشەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگیردرێ، لە تاکەکانی ئێمە چاوەڕوان دەکرێ بە پێی بەرنامە و گەڵاڵەی دیاریکراو، وێڕای بەشداریی چالاکانە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕی کار، بە شەرافەتەوە تکنیکەکانی ژیانیش وەدەست بخەن و لە رۆحی مافخوازی، بیرکرنەوە، لێکۆڵینەوە، رەخنەگری و نوێخوازی بەهرەمەند بن. هەروەها لە خوێندکارانی دواناوەندی چاوەڕوان دەکرێ کە پاش تێپەڕکردنی دەورەکانیان هەستی هۆنەری خۆیان پیشان بدەن و تۆوی هاریکاری، ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی، بەرابەرخوازی و رێزگرتن لە ماف و بەهاکانی مرۆڤ لە هزر و دڵیدا چەکەرە بکا و لە بەرامبەر پرسە گرینگەکانی نەتەویی و کولتووریدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێ و لە ئاست هەر جۆرە هەڕەشەیەکی دژەئینسانی بە مەبەستی سەقامگیربوونی بیری کۆنەپەرەستانە دژکردەوە لە خۆ نیشان بدا.

دیارە هەموومان دەزانین لە وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکاندا ئامانجی دوارۆژی وەزارەتی پەروەردە لە لایەك جێگیرکردنی بەهاو بایەخە مرۆییەکانە و لە لایەکی دیکەوە بەرگریکردن لە بەلاڕێداچوون و دوورکەوتنەوەی قوتابییان لەو دیاردە و ناهەنجارییانەیە کە کۆمەڵگا بەرەو لێکترازان، هەڵاواردن و دەرجەبەندی کردن دەبەن. لە کۆمەڵگایەك کە دانیشتووانەکەی دەستەبەندی دەکرێن، پلەی هیوا بە ژیان بەردەوام سەرەوخوار دەڕوا. کاتێك قوتابییانی ئەمڕۆ وەك پێکهێنەرانی کۆمەڵگای راستەقینەی داهاتوو لە یەکەم ساتەکانی چوونیان بۆ خوێندنگە بە رۆح و جەستەوە خۆیان لە نێو گێژاوی نکۆڵی و شاردنەوەی هەقیقەتەکان ببیننەوە، گەشەونەشەی راستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن و ناکرێ چاوەڕوانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر بین کە چاوەڕوانی ئەوانە. قوتابییانی ئێمەی کورد کە هەڵقوڵاوی دڵی گەلێکی بەشخوراون لە بارودۆخێکدا دەژین کە زمانەکەیان بە هێند ناگیرێ، کولتوورەکەیان بە دەرەجە دوو یان سێ دێتە ئەژمار، مێژووەکەیان گیرۆدەی چەواشەکارییە و جوگرافیا و ژینگەیان لێ زەوت کراوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین ئەو کاتە دەتوانین بە داهاتووی خۆمان پشت ببەستین و گەشبین بین کە لەودا رووی راستییەکان لە منداڵەکانمان نەگۆڕدرێ و بێ دڵەراوکێ و بە ئەمنییەتەوە رابێن بۆ داهاتوویەك کە لەودا مرۆڤ بەهاکانی خۆی بدۆزێتەوە و بێ جیاوازی جنسی و چینایەتی هەموان ئازادانە، برایانە و بەرابەر بژین.

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 587 ▪ 22 Agust 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# بوومەلەرزەلێدراوەکان چاوەڕوانی یارمەتین مەترسییەکان هێشتا نەڕەویونەتەوە



سەرەڕای تێپەڕینی ١٠ ڕۆژ لە بوومەلەرزەکانی ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، خەڵکی لێقەومای ئەو ناوچەیە هێشتا بەدەست کەمتەرخەمی بەرپرسانی پێوەندیدار، بوونی هەڵاواردن لە پێوەندی لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی پێویست دەناڵن. ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢١ی گەلاوێژ، بوومەلەرزەیەك بە گەورەیی ٦,٢ ریشتێر، شارستانی ئەهەر و بوومەلەرزەیەك بە گەورەیی شەش ریشتێر شارستانی وەرزەقانی لە ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لەرزاند. شایانی باسە شاری «هەریس» یش لەبەردەم کاریگەرییەکانی بوومەلەرزەکاندا بووە و بەشێکی زۆری خاپوور بووە. بەپێی هەواڵدەرییەکان ئەم بوومەلەرزانە تا ئێستا، ٣٠٦ کوژراو، ١٨٠٠ بریندار و ١٣٧ هەزار کارەساتلێدراو و خاپووربوونی ٢٤٥ گوندیان لێکەوتووەتەوە. حەشیمەتی شارەکانی وەرزەقان، ئەهەر و هەریس سەرجەم ٣٠٠ هەزار کەسە. کەمیی توالێتی سەحرایی، ئاوی خواردنەوەی سالم و بەرەڵڵابوونی لاشەی مەڕ و ماڵاتێکی زۆری خەڵکی گوندەکان، بوونەتە هۆی ئەوەی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشی پیسبوونی لە ناوچەکەدا زۆر لەسەر بێ. بە سەرنجدان بە کەمتەرخەمی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، وێدەچێ ئاماری کوژراوەکان لە ڕۆژانی داهاتوودا زیاد بکات.

سپای پاسداران چەند ڕۆژ پاش ڕوودانی بوومەلەرزەکان، بە بەڕێکردنی هێز بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان، «کەشوهەوایەکی ئەمنییەتی» بەسەر ناوچەکەدا زاڵ کرد، بە شێوەیەك کە خەزنکردن و دابەشکردنی یارمەتییە بەڕێکراوەکانی گرتە دەست و پێشی بە وێنەهەڵگرتنی هەواڵنێرەکان لە ناوچەکە گرت. ماڵپەڕی «کلمە» بڵاوی کردەوە کە لە شارەکان ئەهەر، وەرزەقان و هەریس لە نێوان خەڵك و هێزەکانی سپای پاسداران چەند جار دەرگیری ڕووی داوە و خەڵك لە «هەڵسوکەوتی توندی هێندێ لە هێزەکانی سپا» تووڕەن. یەکێك لە خەساردیتووەکانی بوومەلەرزەی وەرزەقان بە هەواڵنێری «کلمە»ی وتووە: «تەواوی ئەو یارمەتییە بەڕێکراوانەی لە شوێنی جیاجیاوە دێن، تەنانەت ئەو یارمەتییانەی کە دەوترێ لە تورکیەوە گەیشتوون، سپا دەستی بەسەردا گرتوون و خەزنیان دەکات. تەنانەت نوێنەرەکانی مانگی سووریش دادەنیشن و هەر سەیر دەکەن و کاتێك پێیان دەڵێین بۆچی کارێك ناکەن، دەڵێن سپا ناهێڵێ».

رادیۆ و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر کەمڕەنگ هەواڵی بوومەلەرزەکان و شێوەی یارمەتیگەیاندن بە لێقەوماوانی بڵاو کردەوە و تەنانەت ڕاگەیەنە بیانییەکان زۆر زیاتر لە ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکانی ئێران گرینگییان بەم ڕووداوە دا. نوێنەرەکانی وەرزەقان و تەورێز لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامیدا ڕەخنەی توندیان ئاراستەی ئەو شێوازە لە ڕوومالکردنی هەواڵی ڕووداوەکە کرد. لە کاتێکدا بوونی جۆرێك هەڵاواردن لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە بەنیسبەت ئەم شارە تورکنشینانە بینراوە و نیگەرانیی جیددی خەڵکی ئێرانی بەدواوە بووە، هێندێ لە ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان ئەو ڕەخنانەیان بە «هەڵسوکەوت دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی» لەقەڵەم داوە و پرسەکەیان کردووەتە «پرسێکی سیاسی». لەم پێوەندییەدا، ڕۆژنامەی «رسالت»، لە ژمارەی ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوودا، ڕاگەیەنەکان و هەواڵنێرە ئێرانییەکانی بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بە «چەواشەکار»، «هاوڕێیەتی لەگەڵ دژەشۆڕش» و «هەڵسوکەوت دژی تەناهی» تۆمەتبار کرد و تەنانەت ئەو ڕەخنانەی بە «حاشاکردن لە ڕاستییەکان» ناو برد و نووسی کە «ئەمە ڕاست ئەو هێڵەیە کە دوژمن وەدووی کەوتووە». ڕۆژنامە «رسالت» لە کاتێکدا ئەو ڕەخنانەی بە «حاشاکردن لە ڕاستییەکان» ناو بردووە، کە ئەڵڵاوێردی دێهقان، نوێنەری وەرزەقان و مەسعوود پزیشکیان، نوێنەری تەورێز، بەرپرسان و بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندیدارەکانیان بە کەمتەرخەمی بەرانبەر بە یارمەتیگەیاندن بە لێقەوماوان تۆمەتبار کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی دەوڵەتی «ایسنا»، نوێنەری تەورێز وتوویەتی: «سەرۆکی حەشیمەتی مانگی سوور باسی وەرگرتنی هەشت هەزار چادری کردووە، بەڵام ئەم ژمارە چادرە هێشتا بە خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو نەگەیشتووە. ئەوە زۆر گڵاوە کە ژمارەیەك قازانجخوازی خائین چادرەکان وەربگرن، بەڵام چادرەکان سەر لە شوێنێکی دیکە دەربێنن.»

زایەڵە

باران

## دیسان ئابووریی کۆپینی!

کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی گەڵاڵەیەکی پێشکەشی مەجلیس کردووە کە بەو پێیە سیستمی کۆپین و درانی کاڵای سوبسیدی لە ئێران زیندوو دەکرێتەوە. ئەم گەڵاڵەیە کە تا ئێستا تەنیا بەشێك لە وردەکارییەکانی بڵاو کراوەتەوە، لە چوارچێوەی «ئابووریی خۆڕاگری»دا دەبێ کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە چەند مانگی ڕابردوودا هێناویەتە بەرباس. «ئابووریی خۆڕاگری» هەوڵێکە بۆ خۆڕاگریی ڕێژیم لە بەرامبەر کاریگەرییەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییە ئابوورییەکانی سەر ڕێژیم. خستنەگەڕی سیستمی کۆپینی و دانانی سوبسیدی دەوڵەتی لەسەر کاڵا و شتومکە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە کاتێکدایە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، گەڵاڵەی لابردنی سوبسیدە دەوڵەتییەکان بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەمارۆ ئابوورییەکان، خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و خەسارێکی زۆری لە ئابووریی ئێران داوە و خەڵکی لەگەڵ قەیرانی هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر بەرەڕوو کردووەتەوە.

بەم پێیە، ڕێژیم هاتووەتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ڕوو بکاتە سیستمێکی ئابووری کە ڕێك پێچەوانەی ئەو سیستمەیە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کاریان پێکردووە. گەڵاڵەی لابردنی سوبسیدەکان هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو کە سەرکەوتوو نابێ، چوونکە لابردنی سوبسیدە دەوڵەتییەکان بەو جۆرەی ئیدیعایان دەکرد کە لە پێناو وەگەڕخستنی وزەی کار و بازدان بەرەو ئابووریی بازاڕی ئازادە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پێکهاتەی گشتی و بنەڕەتە ئابوورییەکانی هەنووکەی ئێران نەدەگونجا. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە لە کاتێکدا فرۆشی نەوت لەدەست ڕێژیمدایە و ئابووریی کەلانی ئێران لە دەستی سپای پاسداراندایە، ناکرێ ئەو چاوەڕوانییە هەبێ کە نرخی شتومك و کاڵاکان واقیعی بکرێن و بە تەما بین ئابووریی بازاڕی ئازاد لە ئێراندا وەگەڕ بکەوێ. هەروەها بە سەرنجدان بەوە کە گەشەی ئابووریی بازاڕ پێویستی بە کرانەوەی درەکەکان بە ڕووی بازاڕی ئازادی جیهانیدایە، کەوابوو نەدەکرا چاوەڕوان بکرێ ئابووریی ئێران کە دەوڵەتی و پشتبەستوو بە نەوتە، لە ماوەیەکی کورتدا و ئەویش لە کاتێکدا کە نەتەنیا دەرکەکانی بە ڕووی بازاڕی جیهانیدا نەکراونەتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە زیاتر داخراون و تووشی گەمارۆی نێونەتەوەیی بووە، ببێ بە ئابووریی بازاڕی ئازاد.

گەڵاڵەی لابردنی سوبسیدەکان شکستی خوارد و ئێستا ڕێژیم خەریکە ڕوو دەکاتە سیستمێکی بەتەواوی پێچەوانە. ئەم گەڵاڵەیە وەك کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئاماژەیان پێکردووە، نزیك دەبێ لەو ئابوورییە کۆپینییەی کە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا کاری پێدەکرا. ڕێژیم پێی وایە چۆن لە سەردەمی شەڕدا توانی خۆی ڕابگرێ، هەنووکەش بە خستنەگەڕی هەمان سیستمی ئابووری، دەتوانێ لە بەرامبەر گەمارۆکان خۆڕاگری بکات. وەها بیرکردنەوەیەك بە تەواوی هەڵەیە، چوونکە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە سەردەمی شەڕدا، هێشتا دڵیان لە گرەوی ئەو مەدینە فازڵە درۆیینەدا بوو کە بەڵێنیان پێ دابوون، بەڵام خەڵکی ئێستا خولیای ڕووخاندنی ئەو مەدینە فازڵەی هەیە کە هیچکات وەدی نەهات.

ڕێژیم ڕۆژێك سوبسیدەکان لا دەبا و ڕۆژێك دایاندەنێتەوە، بێبەرنامەیی لە ئابوورییەکی ناسەقامگرتووی وەك ئابووریی هەنووکەی ئێراندا، خەسارێکی زۆر بە وڵات و خەڵکەکە دەگەیەنێ.